# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

پ.د. کاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# پیشەسازی لە وڵاتی شام لە سەدەكانی (٤-٦ك / ١٠-١٢ز)


پ.د ئاكۆ بورهان محەمەد

زانكۆی سەڵاحەددین - كۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو

ako.muhamad@su.edu.krd

م. بهار عباس جبرائیل

زانكۆی سەڵاحەددین - كۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو

baharabbas2000@gmail.com



## پوختە:

ئـەم توێژینەوەیــە؛ هەوڵێكــە بــۆ تیشــك خســتنە ســەر لایەنێــكی ئابــووری وڵاتی شــام كــە كــەرتی پیشەســازییە لــە ســەدەكانی (٤-٦ك/١٠-١٢ز) كــە یەكێــك بــوو لــە مەڵبەنــدە گرنــگ و پــڕ بایەخــەكانی پیشەســازی لــە ناوچەكــە و جیهــان، كــە بەرهەمــەكانی گەیشــتۆتە هەرێمەكانــی دەوروبــەر، ســەرەڕای هەڵكەوتنــی شــوێنە جوگــرافی كــە شــوێنێكی ســتراتیجی و پــڕ بایەخــی هەبــوو و مەڵبەنــد و وێســتگەیەكی بــازرگانی بــوو بــە درێژایــی قۆناغــەكانی ســەردەمی ئیســلامی. كــەل و پــەلی و كەرەســتە هەمەجــۆرەكانی تێــدا كۆدەبــۆوە پێــدا تێپەڕدەبــوو ئەمــەش زیاتــر هانیــدان بــۆ بــرەودان و گەشــەپێدانی چالاكــی پیشەســازی لــە پــاڵ بــوونی چەنــد كەرەســتەیەكی خــاوی پیشەســازی لــە هەرێمەكــەدا وەك بەرووبومــە كشــتوكاڵییەكان كــە لــە پیشەســازی بەكاردێــن وەك زەیتــون، قامیشەشــەكر، تــرێ، دانەوێڵــە و وشــكردنەوەی هەندێــك جــۆری مێــوە و دروســتكردنی حەســیر و پــەت و بــەڕە و بەرمــاڵ لــە چەنــد ڕووەكێــك و دروســتكردنی بــۆن و گــوڵاو لــە گــوڵ و گوڵــزارەكانی، صابــوون لــە ڕۆنی زەیتــون بــە بەكارهێنــانی چەنــد جــۆرە ڕووەكێــك ســەرەڕای بــوونی ســامانی ئــاژەڵ كــە ســوود لــە خــوری و مــووی بــزن وەردەگــیرا لــە پیشەســازی ڕســتن و چنــین ئەمــە جگــە لــە بەرهەمــی لۆكــە و ئاوریشــم، هەروەهــا پیشەســازی خۆشــكردنی پیســتە و شووشــە و گلێنەســازی و بــە هــۆی بــوونی جۆریــك لــە لم و گل بــۆ ئــەم پیشەســازییە و بــوونی ڕێژەیــەكی زۆری دار كــە لــە پیشەســازی دارتــاشی بەكاردەهــات و بــوونی چەنــد جــۆرە كانزایــەك لــە خاكەكــەی كــە وەك كەرەســتەیەكی ســەرەتایی بەكاردەهــات لــە پیشەســازییە كانزاییــەكان. لــەم توێژینەوەیــەدا ســوودمان بینیــوە لــە كتێبــەكانی جوگــرافی و وڵاتنــاس و گەریــدەكان، ســەرەڕای ســەرچاوەی مێژوویــی و هەنــدێ توێژینــەوەی هاوچــەرخ.


كلیلەوشەكان: ڕێكخستنی پیشەگەری، كشتوكاڵ، سامانی ئاژەڵ، چالاكی پیشەسازی، كانزاكان

**پێشەکی:**

ئەو پێشکەوتنە شارستانییەی کە وڵاتی شام پێگەیشت لە ماوەی سەدەکانی (٤-٦ك/١٠-١٢ز) لە رووی ئاوەدانکردنەوە وخۆشگوزەرانی، بووە هۆی زیاد بوونی پێویستییەکانی دانیشتوان بۆ کەل و پەلە هەمەجۆرەکان لە خۆراك و جل و بەرگ و کەل و پەلی ڕازاندنەوە و بەرگری کردن و هی تر. سەرەڕای هەڵکەوتنی شوێنی جوگرافی وڵاتی شام کە چەقی بە یەك گەیشتنی ڕێگا سەرەکییەکانی جیهانی کۆن بوو، لە پاڵ بوونی کەرەسە و بەرهەمی خۆماڵی وڵات، بە زێدەڕەوی کەل و پەل و کەرەستە خاوەکان دەهێنرایە خاکی وڵاتی شام و لەوێش ئاراستەدەکرا بۆ وڵاتان، جا چ بە ڕێگای وشکانی یان ڕێگای ئاوی بێ. ئەم هۆکارانە هەمووی هاندەر بوون بۆ گەشەپێدان و فراوانکردنی پیشەسازییەکانی وڵاتی شام لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی. لەم پیشەسازییانەش پیشەسازییە خۆراکییەکانە وەك دەرهێنانی ڕۆنی زەیتون و بەرووبوومی تر و پیشەسازی شەکر و هارینی دانەوێڵە و خۆراکە وشککراوەکان لە هەنجیر و مێوژ و قەیسی و هەڵوژە و خۆخ و گێلاس و هی تر، سەرەڕاپیپشەسازییەکانی صابوون و بۆن و ڕستن و چنین و خۆشکردنی پیستە و دروستکردنی بەڕە و حەسیر و سەبەتە و شووشە و گڵێنەسازی و دارتاشی و کانزاکاری.

**پیشەسازی**

پیشەسازی یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگ و بایەخدارەکانی پێشکەوتنی ئابووری گەلان، لە بنچینەدا لە کاری دەستییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە دروستکردنی شتێك یان کەلوپەلێك هاتووە، دروستکار یان پیشەکار ئەو کەسەیە کە بە دەستی خۆی شتومەك و کەلوپەلەکە دروستدەکات و شارەزایی پەیدا دەکات دەبێتە کەسێکی کارامە و لێهاتوو لەو کارەی دەیکات و هەندێك جار دەوترێت کەسێکی دەست ڕەنگینە لە کارەکەی (الخزاعي: ١٩٩٩، ص٧٧٦).

پیشە ؛ یان پیشەسازی زانست و هونەرێکە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات و ئەو کارەش دەبێتە پیشەکەی خۆی. کارگەش؛ ئەو شوێنەیە کە کاری دروستکردنی پیشەسازییەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت (الجامعة العربية، مصر، د.ت، ٥٢٧/١). خودای گەورە ستایشی کاری دەستی کردووە و دەفەرموویت " ليأكلوا من ثمره وما عملته أيديهم أفلا يشكرون) (القران الكريم، سورة يس، آية ٣٥)هەروەها هانی مرۆڤی داوە بۆ کارکردن وەك دەفەرموویت "وقل اعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون" (سورة التوبه، آية ١٠٥). تەنانەت ژمارەی ئایەتەکان کە هانی کارکردن دەدات (٣٧٠)ئایەتە و لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە. (عبدالباقي، ١٩٨٧، ص٤٨٣-٤٨٨) لە ڕێگەی پیشەسازییەوە کەرەسەو کەلوپەلەکان لە شێوەیەکەوە دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی تر کە سوودی زیاتر و لە بار و گونجاوتر بێ بۆ بەکارهێنان و پڕکردنەوەی پێویستییە هەمەجۆرەکانی مرۆڤ وەك گۆڕینی خوری و لۆکە و ئاوریشم دوای ئامادەکردنی و پاککردنەوە و ڕەنگکردن و ڕستن و چنینی؛ دەکرێت بە مافوور و بەڕە و قوماش و چادر و پێویستی تر.

لە م بوارەدا دوو چەمکی پیشە (المهنة) و چەمکی کار (الحرفة) پێویستی بە ناساندنە، کە هەردووکیان تێکهەڵکێشن و هەمان مانای کار دەگەێنن، بەڵام چەمکی پیشە (المهنة) بەرفراوانترە و گشتگیرترە لە چەمکی کار (الحرفة)، چونکە پیشە؛ هەموو کاروچالاکییەك دەگرێتەوە کە مرۆڤ دەیکات لە هەموو بوارەکانی ژیانی، یان بەرتەسك دەکرێتەوە بۆ چوارچێوەی کارێکی دەستی کە مرۆڤ دە یکات (سالم: ١٩٩٣، ص٣٨)، بەڵام کار (الحرفة) هەموو کارێك ناگرێتەوە بەڵکوو کارە پیشەسازییەکان دەگرێتەوە، کە تێدا کەرەسەخاوە سەرەتاییەکان لە کەرەسەیەکی سادە و بێ سوود دەگۆڕێت بۆ کەرەسەیەکی سوودبەخش، وەك کاری دارتاشی، ئاسنگەری، بۆیەچی، کانزایی، گڵێنەسازی و شووشەیی و هی تر (الحميداوي: ٢٠٠٧، ص٤٤).

**١. ڕێکخستن و نازناوی پیشەگەران**

ڕێکخستنی پیشەگەری بە شێوەیەکی گشتی لە دەوڵەتی ئیسلامدا بە شێنەیی و پلە پلە، یەك لە دوای یەك هاتە کایەوە و ڕێڕەوی خۆی گرت و پێشکەوت، چونکە هەر پیشەیەك لە پیشەکان فێربوون و شارەزابوونی بە شێوەیەکی هەڕەمی بوو لەسەرەوە بۆ خوارەوە، کە هەر پیشەیەك سەرپەرشتیاریکی هەبوو، کە بەڕێوەی

دەبرد و هەروەها هەندێ جار بە سە رۆک یان الصدریان شێخ ناودەبرا کە سەرپەرشتیاری گشتی پیشەکە بوو، وەك سەرۆك یان شێخی کوتاڵفرۆش و مسگەرەکان و یان سەرۆکی دارتاشەکان و چێشتلێنەرەکان(التنوخي: ١٩٧١، ٧٠/٣؛ التليسی و الذويبي، ٢٠٠٤، ص٢١٣) دوای شێخ یان سەرۆك پلەی نەقیب بوو، کە ئەرکی بریتی بوو لە یارمەتیدانی شێخ یان سەرۆکی پیشەکە، واتا یاریدەدەری دوای نەقیب پلەی (الأستاذ) دەهات، لەویش نزمتر پیشەکار (الصناع) دێت کە ڕاهێنانی لەسەر پیشەیەك کردوە و شارەزا بووە، لەم بوارەدا و گەیشتۆتە قۆناغێك کە دەتوانێ فرۆشگە و شوێنی کارکردنی تایبەت بە خۆی هەبێت و دوا پلە دەسپێکە (المبتدئ) کە بە مانای شاگردە و لەسەرەتایی قۆناغی فێربوونی پیشەکەدایە (الدوري: ١٩٩٥، ص١٠٧-١٠٨)، بەم شێوەیە پیشەکان پۆلێن کرابوون و هەر پیشەیەك ڕێکخستن و دەستەیەکی بەڕێوەبەردنی تایبەت بەخۆی هەبوو لەژێر ناوی (الأصناف) یان (النقابات)، دەرکەوتنی ئەم ڕێکخستنە پیشەییانە لە دەرئەنجامی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئیسلام لە سەدەی (٣ك/٩ز) و گەورەبوونی شارەکان و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و داواکاری زیاتر لەسەر شتوومەك و کەلووپەلی جۆراوجۆر لەبەر ئەوەی تەمەنی مرۆڤ کورتە و بەشی ئەوە ناکات لە ماوەی ژیانیدا فێری هەموو پیشەیەك بێت، هەر لە زوو پسپۆری لە ئیشەکان هاتە کایەوە، بۆیە پیشەوەرانی هاوپیشە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان هەڵسان بە پێکهێنانی دەستەیەکی یەکگرتووکە بریتی بوو لە نەقابەکان، بەمەش پیشەوەران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و دوورخستنەوەی ئەو هۆکارانەی مەترسی لەسەر پیشەکانیان دروست دەکات لە چەند دەستە و یەکەیەکدا کۆبوونەوە. (الدوري: ص٩٠-٩١)، بەڵام سەرپەرشتیکردنی بازاڕ بە گشتی بە هەموو دەستە و پیشەوەران لە لایەن کەسێکەوە بوو؛ ئەویش بەرپرس و ڕاسپێدراوبوو لە لایەن فەرمانڕەواوە بە ناوی (المحتسب)، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خودا؛ فەرمان بە چاکە و ڕەتکردنەوەی خراپە "الامر بالمعروف و النهي عن المنكر" و چاودێریکردنی بازاڕ و گوزەرانی خەڵك و کێش و پێوانە و نرخ و سزادانی لادەران لە چاکە و یاسا و پەیڕەوی گشتی کە بۆ بازاڕەکان دیاریکراوە (الشيزري، ١٩٤٦، ص٦-٧، ١١؛ القلقشندي، ١٩٦٤، ٣٧/٤).

**٢- پیشەسازییە خۆراکییەکان**

**ئ: پیشەسازی ڕۆن:**

ڕۆن لە چەند بەرووبوومێکی کشتوکاڵی دەردەهێنرێت، هەر لە سەردەمی کۆنەوە دەرهێنانی ڕۆنی ڕووەك لە وڵاتی شامدا هەبووە، لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی شام زیاتر دەستەواژەی پیشەسازی ڕۆنی زەیتوون زاڵە (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٣، ١٥٤؛ ابن فضل الله العمري: ١٩٧٧، ٢٨٦/٣). موسڵمانەکان بە درەختی پیرۆزیان داناوە چونکە ناوی لە قورئانی پیرۆزدا براوە، هەروەك لای مەسیحییەکانیش وابووە، پێغەمبەر (د.خ.) فەرموویەتی "ڕۆنەکەی بخۆن و خۆتان پێ چەور بکەن، کە دارێکی پیرۆزە" (الترمذي: ١٩٩٨، ٣٤٩/٣، ٣٥٠).

مێژووی دەرهێنانی ڕۆنی زەیتوون لەولاتی شام دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فینیقییەکان (القاسمي، د.ت. ٢٢/١) پرۆسەی دەرهێنانی ڕۆنی زەیتوون لەو ناوچانە بووە، کە بەزۆری داری زەیتوون ناسراون و ڕووبەرێکی بەرفراوانی ناوچەکەی داپۆشیوە، وەك شاری قودس و چیاکانی(المقدسي١٩٧٧، ص٤٢) هەروەها "نابلس زۆرترین زەیتوونی وڵاتی شامی هەیە" (إبن بطوطة، ١٩٨٧، ص٧٨)، شارە کانی عسقلان و ارسوف و یافا (الادریسي:، ١٩٦١، ٣٦٤/١) وەکا کە دارستانێکی چڕی زەیتوون داپۆشیوە (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٣)، سەرەڕای اذرح و خاکی الشراة (البخلي: ١٩١٦، ١٠٦/٥) و ناوچەکانی البقاء) و(جەلیل)وطرطوس و لاذقیة و انطاکیاوناوچەی چیاکانی عاملة و معرة النعمان (الحموي: د.ت، ٨٧/٨/٤ ؛ إبن سعید، ١٩٧٠، ص٥٠) و الرحبة و بعلبك ڕێژەیەکی زۆری زەیتوونی تێدا بەرهەمدەهێنرێت و بەشێکی ڕۆنی لێدەردەهێنرێت. (الحموي: ٣٥٨/٢/١؛ إبن سعید؛١٩٧٠، ص٥٢) بەشی باشووری وڵات چەند شوێنێك بۆ گوشینی زەیتوون تەرخانکرابوو، کە بە شێوازی سەرەتایی دەگوشرا، قۆناغی یەکەم بە ڕەنینی زەیتوونەکە و لێکردنەوەی لە دار دەستی پێدەکرد و لە شوێنێك کۆیان دەکردەوە و، قۆناغی دووەم بریتی بوو لە بژارکردنی و جیاکردنەوەی زەیتوونەکە لە گەڵا و پاشماوەی دارەکە، ئینجا لەسەر ڕاخەر یان پارچە قوماشێك لەبەر هەتاو دادەنرا تا کەمێك وشك دەبوو، ئینجا دەستەدەکرا بە وردکردنی زەیتوونەکە بە دەستاڕ بوو لە بەرد دروستکرابوو، بەشێوەیەك ورد دەکرا کە ناوکی زەیتوونەکە نەشکێت بۆ ئەوەی تامی تاڵ نەبێت و ڕەنگی نەشێوێ و دوای وردکردن و گوشینی، دەخرایە ناو زەمبیل(زەمبیل : تورەگەیەکی گەورەیە، کە لە قایش دروستدەکرا بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی خۆراك بەکاردەهات، (إبن منظور، د.ت، ٣٠١/١١)، زەمبیلەکە هەڵدەواسرا و دەفری گەورەی دەخرایە ژێری و لە زەمبیلەکە دەچۆڕایەوە، لەناو دەفرەکە کۆدەکرایەوە، کاتێکیش ڕۆنەکە بە کەمی دەچۆڕایەوە قورسایی و پاڵەپەستۆی دەخرایە سەر زەمبیلەکە تا هەموو دەچۆڕایەوە بۆ ناو دەفرەکە و دوایی چەنگی خوێ دەکرایە ناو ڕۆنەکە (مصطفی و أخرون: د.ت٧٦/١) و بە دارێکی زەیتوون تێکدەدرا تا ساف دەبوو، ئینجا ڕۆنەکە دەکرایە ناو چەند دەفرێکی شووشە یان گڵێنە کە ناوەکەی چەور دەکرا و هەڵدەگیرا لە شوێنێك دووربێت لە تیشکی خۆر و شێ (الخرابشة: ١٩٩٣، ص١٦٢) دوای ئامادەبوونی کەمێك ئاوی کەباد دەکرایەوە ناو ڕۆنەکە بۆ نەهێشتنی تامە تاڵەکەی و خۆشکردنی و چەند پارچەیەك لە لقی داری زەیتوونەکەی دەخرایە ناو بۆ خۆشکردنی تامەکەی (قسطوس: د.ت، ص١٠٣). هەروەها دانیشتوانی وڵاتی شام ڕێگەیەکی دیکەیان بەکار دەهێنا بۆ دەرهێنانی ڕۆنی زەیتوون، کە بریتی بوو لە هاڕینی زەیتوون لە ڕێگەی چەرخی بەردینەوە کە لە لایەن ئاژەڵەوە دەخولێنرایەوە و دوای ئەوەی زەیتوونەکە دەخرایە نێوان چەرخە بەردینەکەو ورد دەکراو دە گوشراو ئاوو لەیەك جیادەکرایەوە چونکە لە ڕووی سەرەوەی ئاوەکە دەوەستا و جیادەکرایەوە لە ئاوەکە و ئەو پاشماوانەی کە تێدابوو (محمد کرد علي، ١٩٢٦، ٩١/٤-٢١٠؛ حسین: ٢٠١٤، ص١٣٥-١٣٦).

سەرەڕای ڕۆنی زەیتوون، لە وڵاتی شام ڕۆن لە چەند جۆرە ڕووەکێکی تر بەرهەمهێنراوە، لەوانە ئەو ڕۆنەی لە گوڵە وەنەوشە دەریاندەهێنا بە تایبەت لە شاری دیمەشق کە بە دروستکردنی ئەو ڕۆنە ناسراوە (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤). لەبەر زۆری ئەو جۆرە گوڵە لەو شارە، بە تایبەتی لەو دۆڵەی کە کەوتۆتە لای دەروازەی ڕۆژئاوای شارەکە، کە بە دۆڵی وەنەوشە ناسراوە (الادریسي، ١٩٦١، ص٣٦٦)، یەکێ لە بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانی تر کە ڕۆنی لێ

دەردەهێنرێت بەرووبوومی کونجییە؛ بە تایبەتی لە شاری (عەسقەلان) (الدباغ: ١٩٨٠، ص٢٢٥) و ناوچەی (دیاف) و (حۆران)، کە سەرەڕای خۆراك؛ ڕۆنەکەی بۆ جوانکاری و چارەسەر بەکارهێنراوە، هەروەها جۆرە ڕۆنێکیان لێ بەرهەمهێناوە بەناوی (السیرج) کە بۆ دروست کردنی هەندێك جۆری شیرینی بەکاردەهات (النویري: نهایة الأرب، ١١٨/١٢، ١٢٨؛ محمدکرد علی: خطط الشام، ١٨٧/٤)، هەروەها تەحین لە گونجی بەرهەمهێنراوە دوای گوشینی بە تایبەتی لە صفد و مرج إبن عامر و عجلون و بلقاء (إبن الإخوة: معالم القربة في أحكام الحسبة، دار الكتب العلمية، دط، بیروت ٢٠٠١، ص٢٢٧) وادیارە لەبەر زۆری ڕێژەی بەرهەمێنانی کونجی لە باکووری ڕۆژهەلاتی شاری (غەززە) گوندێك ناونراوە بە ناوی بەرهەمە کە بە گوندی (قریة السمسم) (الدباغ: ١٩٨٥، ص٣٠) دانیشتوانی وڵاتی شام سوودیان لە ناوکی زەیتوون وەردەگرت دوای گوشینی زەیتوونەکە و ماددەیەکیان لێ دروست دەکرد بە ناوی جەفت (الجفت) دوای هاڕینی کە لە وەرزی پایز و سەرەتای زستان ئامادە دەبوو، وەك سووتەمەنیەکی سرووشتی بەکاریان دەهێنا بۆ خۆ گەرمکردنەوە و چێشت لێنان (النویري، ١٩٩١، ٢٥٨/٨) بە تایبەتی لە ناوچە، ساردەکان کە شاخاوی بوون، شوێنی تایبەت هەبوو بۆ فرۆشتنی وەك علجون و قودس (النویري، ١٩٩١، ٣٣/ ٢٧١ ؛البیشاوي؛١٩٩١، ص٢٢) هەروەها لە پاڵ ئەم بەرهەمە کشتوکاڵییانە لە چەند بەرووبوومێکی تری کشتوکاڵی ڕۆن دەردەهێنرا وەك تۆی کەتان و گیا کەزنە و کاهو (ابوسیدرة: ١٩٩١، ص٣٢٥-٣٢٦) هەروەها لە تۆوی توور لە شێلم ڕۆنێکی تیژ دەردەهێنرا بۆ چرا و هۆیەکانی ڕووناك کردنەوە (ناسر خسرۆ، ١٩٩٣، ص١٢٠) وە دەرهێنانی ڕۆنی گوڵە وەنەوشە کە شاری دیمەشق پێیناسرابوو (المقدسي، ٢٠٠٣، ص٩٣-١٠٤).

**ب: پیشەسازی شەکر**

قامیشی شەکر؛ کەرەستەیەکی خاوی کشتوکاڵییە بۆبەرهەمهێنانی شەکر پشتی پێدەبەستێ. لە بنچینەدا لە وڵاتی هیندەوە گواستراوە تە وە بۆ ئێران لەسەدەی (١ك/٧ز) دا، کاتێکیش موسڵمانەکان دەستیان بەسەر وڵاتی ئێران داگرت، چاندنی قامیشی شەکریان گواستە وە بۆ عێراق و وڵاتی شام و ئینجا میسر و وڵاتانی حەوزی دەریای ناوەڕاست (الكعاك: ١٩٦٥,ص١٠٥-١٠٤) لە ماوەی شەڕی خاچییەکاندا لەو وڵاتانەوە گوازرایەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، لەوانەش وڵاتی ئیتاڵیا کە شاری (بندوقیە)؛ بووە مەڵبەندێکی گرنگی دروستکردنی پیشەسازی شەکر (واطرسون: ١٩٨٥، ص٦١).

چاندنی قامیشی شەکر و بەرهەمهێنانی چەند ناوچەیەکی وڵاتی شامی گرتبۆوە لە نێوانیادا نزمایی الاردن بە پلەی یەکەم دێت لەبەرهەمهێنانی قامیشی شەکر کە ڕووبەرێکی بە رفراوانی زەوی ناوچەکەی بۆ تەرخانکرابوو، لەبەر ئەوەی لە بارترین و باشترین هەلومەرجی چاندنی برنجی تێدا فەراهەم بوو. لە پلەی گەرمی بەرز و ئاوی زۆری سەرزەوی کە بریتیی بوو لە ڕووباری ئوردەن و یەرمووك و لقەکانی (الحموي، د.ت، ٤٠٠/٦/٣؛ إبن سعید، ١٩٧٠، ص٤٩؛ابن فضل الله العمري ، ١٩٧٧، ٢٨٥/٣) کە لە باکوورەوە لە ڕووباری یەرمووك تا دەگاتە دۆڵی (الصافي) لە باشووری بە درێژایی ئەم ناوچانە پاشماوەی سی و دو شوێنی گوشین و بەرهەمهێنانی شەکر و کەلوپەلی تایبەت بە گوشینی قامیشی شەکر دۆزراوەتەوە، ئەمە سەرەڕای ناونانی چەند شوێنێکی جوگرافی بە ناوی بەرهەمی شەکر وەگ گردی (تل السکر) و دۆڵی (السکر) (الزیود: ١٩٩٢، ص١٤٣، ٢٠٧).

شاری صور بە جۆرێکی باشی شەکر ناسراوە (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤؛ بنیامین التطیلي، ١٩٤٥، ص٩٢) بازرگانەکانی شاری (بوندقیە)ی ئیتاڵیا چەند کێڵگەیەکی چاندن و بەرهەمهێنانی قامیشی شەکریان لە شاری (صور) لە کەنار دەریا هەبوو (فیلیب حتی، ١٩٥٨، ٢٥٥/٢) هەروەها لە صیدا (ناصرخسرو، ١٩٩٣، ص٦٠) و کەناراوەکانی طرابلس و بیروت و عکا (الاصطخري، ١٩٦١، ص٤٦؛ ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٥٧؛ الإدریسي، ١٩٦١، ص٧٢؛ النویري، ١٩٣١)و أنتاکیە و یافا (ابن فضل الله العمري، ١٩٧٧، ٣٧/٣؛ محمدکرد علي، ١٩٢٦، ١٧٤/٤) هەروەها هەریەکە لە قەڵایەکانی الكرك و الشوبك بە جۆرە شەکرێکی باش ناسراون بە ناوی شەکری مونتریال کە بە ڕەنگە سپییەکەی و نەرمی دەنکەکانی ناسراوە (غوانمە، ١٩٧٩، ص٨١)

دروستکردن و ئامادەکردنی بەرهەمی شەکر بە چەند قۆناغێك تێپەڕ دەبێت، کە بە گواستنەوەی قامیشی شەکرەکە لە کێڵگەوە بۆ شوێنی دروستکردنی کە پێدەوترا (دار القصب)، لە ڕێگەی گواستنەوەی بە ئاژەڵ کە دەخرایە سەر پشتی حوشتر یان گوێدرێژ و ئاژەڵی تر، قۆناغی دووەم بریتی بوو لە بژارکردن و پاککردنەوەی قامیشی شەکرەکە لە گەڵا و پاشماوەکانی تر و، قۆناغی سێهەم دەست دەکرا بە هاڕینی و گوشینی قامیشەکە لە ڕێگەی دوو تاشە بەردی گەورەی شێوەی چەرخ کە بەهێزی ئاژەڵ ئەو چەرخانە دەخولانەوە، بە خولانەوەشی قامیشی شەکرەکە دەگوشراو لەژێرەوە شەکراوەکە دەچۆڕایەوە و دەهاتە دەرەوە یان بە هێزی ئاو بەردەکان دەخولانەوە (النويري، ١٩٣١، ٢٧١/٨-٢٧٢). دوای چۆڕانەوەی؛ شەکراوەکە دەکرایە ناو چەند جەرەیەکی گڵێنەوە و قۆناغی چوارەمیش بریتی بوو لە کوڵاندنی شەکراوەکە و لە ڕێگەی ئاگرەوە و سووتاندنی قەسەڵ و کاو یان گەڵاو پاشماوەی گەنمە شامی و کە دوای کوڵاندنی بەشێکی دەخرێتە دەفری شێوە قۆچەك و وشك دەبێتەوە ڕەق دەبێت و پێدەوترێت قەند، جارێکی تریش دەکوڵێنرێتەوە و دەگوشرێتەوە و دەکرێتە دەفری مسەوە و پێ دەوترێت (المحلب)، چەند جارێك دووبارە دەکرێتەوە تاشێوەی وەك هەنگوینی لێدێت، ئینجا وشك دەکرێتەوە و ماددەیەکی ئەندامی بۆ زیاد دەکرا تا ڕەنگی سپی دەبوو (النويري، ١٩٣١، ٢٧٢/٨)

**ج: پیشەسازی دانەوێڵە**

هاڕینی دانەوێڵە بۆ سەردەمی چاخە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، مروڤ بۆ سوود وەرگرتن لە دانەوێڵە و بەکارهێنانی بۆ خۆراك وا پێویستی کردوە کە بیگۆڕێت بۆ شێوەیەك کە بۆ خواردن بشێ، بۆیە هەڵساوە بە هاڕینی بە تایبەتی گەنم و چەند جۆرە خۆراکیکی لێ دەستکەوتووە وەك ئارد، ساوەر، بڕووش و گەنمەکوتا بەکاری هێناوە بۆ خۆراکی هەمەچەشنە، ئەوەش بە پێی ڕێژەی هاڕینەکە، بۆ دەستکەوتنی ئارد زیاتری هاڕیوە، بە بەکارهێنانی ئامێرێکی سەرەتایی بەناوی دەستاڕ (الرحا) لە ماڵەکەیدا، کە پێکهاتبوو لە دوو تاشەبەردی گەورەی تیرەی هەریەکەیان نزیکە ی(٧٥سم) دەبێت، پارچە بەردی خوارەوە جێگیرە لەسەر زەوی و پارچەی سەرەوە جوڵاوە و دەخولێتەوە بەهۆی دەسکێکی دار کە جێگیرکراوە لەسەر لایەکی بەردی سەرەوە و ناوەڕاستی پارچەی سەرەوە درزێك یان کونێکی بازنەیی تێدایە کە لەوێوە گەنمی دەکرێتە ناو لە ناوەڕاستی بەردی ژێرەوە ستوونێکی دار هەیە کە بۆ ڕاگر و جێگیربوونی هەردوو پارچەی ژێرەوە و سەرەوەی دەستاڕەکە (علی، ١٩٧١، ٨٧١/٧؛ القاسمي وآخرون، ١٩٨٨، ٢٨٣/٢).

(إبن الاثير، م ٦٣٠ك/ ١٢٣٣ز) لە ڕووداوەکانی ساڵی (٢٧١ك/٨٨٥ز) ئاماژەی بە شەڕێك دەکات لە نێوان هێزەکانی هەردوو دەوڵەتی عەباسی وتۆلۆنی لە باکووری شاری (ڕەملە) بە ناوی شەڕی ئاشەکان (معركة الطواحين) بە ناوی ئەو ناوچەیەی شەڕەکەی تێدا کراوە کە ناونانی ئەو ناوچەیەش بە ناوی ئاشەکان وادیارە لەبەر زۆری ژمارەی ئاشەکان بووە لە ناوچەکەدا بۆ هاڕینی دانەوێڵە(٢٠٠٦، ٣٤٢/٦).

بۆ کارکردنی هەندێك لەو ئاشانە ئاژەڵیان بەکار هێناوە بۆ خولانەوە و هاڕینی دانەوێڵە وەك ئاژەڵی گوێدرێژ و مانگا و ئاژەڵی تر، ئەوەش لەبەر کەمی یان بێ هێزی ئاوی سەرزەوی وەك شاری (خەلیل) (ناصر خسرو: سفرنامە، ص١٨٦) ناوچەی (العواصم) لە پاڵ کێڵگە و باغ و لەوەڕگاکانی ژمارەیەك ئاشی هاڕینی دانەوێڵە هەبوو(الاصطخري، ١٩٦١، ص٤٦؛ إبن حوقل، ١٩٧٧، ص١٦٥) ئاشە گەورەکان بە هێزی ئاو کاریان دەکرد، وەک ئە و ئاشانە ی لەسەر ڕووباری ئوردەن و لقەکانی لە عەممانەدا دامەزرابوو، کە بە هێزی ئاو کاریان دەکرد (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٠) هەندێك لەو ئاشانە وابەستە (وقف) بوو لە لایەن موسڵمانان (إبن جبير، ١٩٥٩، ص١٥٧).

بوونی ڕێژەیەکی زۆری دانەوێڵە لە پاڵ زۆری سەرچاوەی ئاو ڕووبار و لقەکانیان لە وڵاتی شام وایکردبوو کە ژمارەیەکی زۆری ئاشی هاڕینی دانەوێڵە لەسەر ڕووبار و ڕێڕەوە ئاوییەکان و دۆڵەکان دابمەزرێت (إبن سيدة: ١٩٩٦، ٣٥/٤؛ الإدريسي، ١٩٦١، ص٣٧٤؛ محمد كرد علي، ١٩٢٦، ١٩٢/٤؛ آشتور أي، ١٩٨٥، ص٣٠٨، ٣١٢).

ئەگەر ئاوەکە زۆر و بەهێز بوایە ئەوا ئاشی زیاتری

لەسەر دادەنرا و سوودی زیاتری لێ وەردەگیرا بۆ هاڕینی دانەوێڵە هەروەك (ناصر خسرو) لە باسی سەرچاوەی شاری ئامەد ئاماژە بەوە دەکات کە سەرچاوە کە ی لە نێو بەردەڵانێکدا لەناوەڕاستی شارەکە هەڵدەقوڵێ و دەڵێت: "ئەو ئاوە ئەوەندە زۆر بوو کە بەشی کارپێکردن و بەڕێوەبردنی پێنج ئاشی دەکرد" (١٩٩٣، ص٥٣) لەوانە ڕووباری بەردی لە شاری دیمەشق کە تەنیا ئەو لقەی بە تەنیشت ڕووبارەکەدا تێپەڕ دەبێت بۆ ناو شارەك ژمارەیەك ئاشی هاڕینی دانەوێڵەی لەسەر دامەزرابوو (إبن فضل الله العمري، ١٩٧٧، ٣٦٠/٣)، هەروەها چەند ئاشێك لەسەر ڕووباری ئوردەن و لقەکانی لە عەممان‌دا دامەزرابوو، کە بە هێزی ئاو کاریان دەکرد (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٠) هەندێك لەو ئاشانە وابەستە (وقف) بوو لە لایەن موسڵمانان (إبن جبیر، ١٩٥٩، ص١٥٧).

### د: پیشەسازی خۆراکە وشککراوەکان و بەرووبوومی تر

مرۆڤ؛ هەر لە کۆنەوە بۆ هەڵگرتنی مێوە و بەکارهێنانی بۆ خۆراك لەو وەرزانەی کە ئەو مێوانەی تێدا نییە، هەڵساوە بە وشککردنەوەیان وە ك وشککردنەوەی تری، هەنجیر، قەیسی، هەڵووژە، خۆخ و گێلاس و زۆر لە مێوەکانی تر کە بە زۆربەیان وتراوە (زبب)کە مە بە ستی میوژە واتا وشککراوەتەوە وەک میوژ، تەنیا خورما نەبێت کە وتراوە خورمای تەڕ (تمر الرطب) (البدري، ١٩٨٠، ص١٣٩). لە زۆربەی ئەو ناوچانەی داری تریی هەبووە، ترێیەکەیان وشککردۆتەوە و کردویانە بە مێوژ، لەبەر ئەوەی وشککردنەوەی کارێکی قورس نەبووە، کە ترێیان هێناوە و هەڵیانکێشاوە لە ئاوێك کە کەمێك ڕۆنی تێکراوە، دوایی لەبەر تیشکی خور هەڵیانخستووە لەسەر پارچەی دار یان ڕایەخ بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ تا وشك بوویتەوە، دوایی لە شوێنێکی سارد و دوور لە شێ و دوکەڵ هەڵیانگرتووە (الاشبیلي: ١٩٨٢، ص٣٢).

هەروەها هەنجیر بەرووبوومێکی تر بوو کە وشکدەکرایەوە، کە دوای پێگەیشتن و ڕنین و لێکردنەوەی دەخرایە بەر تیشکی خۆر و یەك شەویش دەخرایە بەر شێ و خوناو پێش خۆرهەڵاتن هەڵدەگیراو دوور لە تیشکی خۆر لە شوێنێك هەڵدەگیرا لە ماڵدا بۆ پاراستنی، وە هەندێ جار دەخرایە ناو گۆزە یان دەفری گڵینەیی و هەڵدەگیرا کە کاتی دەرهێنانی تەڕاییەکی هەبوو و پارێزراو بوو.(النابلسي: ١٩٨١، ص١٩٧) باشترین جۆری مێوژ، مێوژی گۆشتن و دەنگ گەورە و توێکل تەنك و ناسکە. کشمیش؛ جۆرێکە لە مێوژی بچووك کە دەنکی تێدا نییە. مێوژ چەند سوودێکی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ، هەروەك پێغەمبەر (د.خ.) فەرموویەتی"نعم الطعام الزبیب یطیب النکهة ویذیب البلغم" (البدري، ١٩٨٠، ص٤٠). هەندێ لە ناوچەکانی وڵاتی شام ناسراون بە وشککردنەوەی مێوەکان، بە تایبەتی مێوژ و هەنجیر(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤)، تەنانەت یەکێ لە قەڵا و سەنگەرەکانی ناوچەکە ناوی مێوژی دراوەتە پاڵ بە ناوی حصن الزبیب کە دەکەوێتە سەر دەریا بە دووری (١٢کم) لەعکا (الإدریسي، ١٩٦١، ص٣٦٥)، وادیارە بەرهەمی ترێی زۆر بووە و ناسراوبووە بە زۆری مێوژ، وە لای (یاقوت الحموي) بە حصن العنب ناوی هاتووە(معجم البلدان، ١٥٣/٣/٢)، هەروەها دێی بیت عینوني لە باشووری شاری قودس بە جۆرە مێوژێکی نایاب ناسراو بووە بە ناوی دێیەکە بە مێوژی عینونی ناسراوە، ئەوە سەرەڕای مێوژی الدوري(البدري: نزهة الانام، ص١٣٣). و مێوژی دێی الفرزل کە دەکەوێتە قەدباڵی چیایی ڕۆژئاوای شاری بعلبك بە مێوژی الجوزاني ناسراوە لەبەر ڕەشیی و گەورەیی دەنکەکەی کە جۆرە لوقمێکی لێ دروستدەکرا بەناوی جلد الفرس یان الملبن)ناسراوە، دوای تێکەڵکردنی لەگەڵ فستق و باوی (یاقوت الحموي، د.ت، ٤٢٥/٦/٣)، شاری دیمەشق یەکێکە لەو شارانەی کە بەناوبانگ بووە بە مێوژ (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٣-١٥٤)، هەوەها شاری مەنبەج بە بوونی ڕێژەیەکی زۆری مێوژ ناسراوە(إبن حوقل، ١٩٧٧، ص١٦٦)، هەوەها ناوچەی الصلت بە زۆری مێوژ(محمد کرد علي، ١٩٢٦، ١٩٠/٤) قنسرین بە هەنجیر بەناوبانگ بوون (إبن حوقل، ١٩٧٧، ص١٦٤-١٦٦).

سەرەڕای وشکردنەوەی ترێ دۆشاوی ترێیان دروستکردووە، ئەویش دوای گوشینی ترێیەکە، ئاوەکەی دەخرێتە چەند جەڕەیەك و کەمێك قسڵی تێدەکرێت، ئینجا دەکوڵێنرێت تا خەست دەبێت، دوایی دەرخرێتە ناو جەڕەکان تا

ساردە دەبێتەوە و بۆ جاری دووەم دەکوڵێنرێتەوە تا خەست دەبێتەوە و بە لقێکی سەوزی داری هەنجیر تێکدەدرێت تا ڕەنگی زەرد دەبێت (الشهابي، ١٩٩٢، ص٢٥٥) شارەکانی باشووری وڵاتی شام بە گشتی بە وشککردنەوەی مێوە ناسراون، لەوانەش الرملةو الخليل (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤) و شاری بعلبك سەرەڕای دۆشاوی ترێ بە پەنیر و هەنگوین بەناوبانگە کە هاوشێوەی نەبووە و بە نموونە هێنراوەتەوە (ياقوت الحموي، د.ت ٣٥٨/٢/١)، هەروەها شاری قدس سەرەڕای مێوژ و هەنجیر بە بەرهەمی پەنیریش ناسراوە (البدري، ١٩٨٠، ص١٣٣) و شاری عمان بە هەنگوین و باشترین جۆری هەنگوین ئەو هەنگوینە بوو کە هەنگەکەی زەعفەرانی دەخوارد بە تایبەتی هەنگوینی چیای عاملة لە باشوری لوبنان (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٣، ١٥٦) و شاری غزة، مێوژ و هەنجیری وشککراوی هەبووە (ابن فضل الله العمري، ١٩٧٧، ٣٧٩/٣). لە زۆرەبەی ناوچەکاندا مورەبا دروستدەکرا بە مێوەکان و بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان، یەکێك لەو بەرهەمانەش خرنووکە؛ کە مورەبای لێ دروستدەکرا (ابن فضل الله العمري، ١٩٧٧، ٨٥/٢١). لە جميز شیرینی لوقم دروستدەکرا، هەروەها شاری (دیمەشق) سەرەڕای مێوژ و هەنجیر بە بوونی گوێز ناسراوە کە لە دروستکردنی زۆربەی شیرینییەکان بەکارهاتووە(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤).

**٣- پیشەسازی ڕستن و چنین**

پیشەسازی ڕستن و چنین؛ ئەو پیشەسازییە بە بە یەکێك لە کۆنترین پیشەکان دادەنرێت کە مرۆڤ کردویەتی بۆ داپۆشین و پاراستنی خۆی لە سەرما و گەرما و مەترسییەکانی دەوروبەری(إبن خلدون، ٢٠٠٧، ٧٣٣/٢/١-٧٣٤).

وڵاتی شام بە پیشەسازی ڕستن و چنین بەناوبانگ بوو. لەبەر بوونی کەرەستەی خاوی پێویست بەم پیشەیە، کە بریتی بوو لە خوری و موو؛ لە مەڕ و بزن وەردەگیرا. لە چەند ناوچەیەکی وڵاتی شام بەخێوکراوە، وەك دێهاتەکانی البلقاء لە عمان و لە لێواری بادییەی شام(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٠، ١٥٣) لەبەر ئەوەی زۆرترین بڕی خوری هەبوو هەروەها کەرەستەیەکی تر کە لەم پیشەسازییە پشتی پێدەبەسترا بریتی بوو لە لۆکە، کە لە بنچینەدا لە بەرهەمەکانی ناوچەی هێلی یەکسان بوو، لە هیندەوە گوازرایەوە بۆ باکووری عێراق، لە سەرەتادا لەوێشەوە بۆ باکووری وڵاتی شام لە سەردەمی ئیسلامدا چاندنی فراوان بوو، ڕووبەرێکی زیاتری گرتەوە لە نێوان ناوچەکانی ڕووباری فوڕات تا شارىحلب( لومبار، ١٩٩٠، ص٢٧٠). دوای بەرە بەرە زیاتری گرتەوە و لە ناوچەی نزمایی ئوردەن و لێوارەکانی دەریای مردوو کە گەرم و شێدارە و هەڵومەرجی گونجاو بوو بۆ چاندنی لۆکە، ئینجا لە ناوچەی غوطة دمشق چێنرا(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٢)، تا وایلێهات وڵاتی شام بووە مەڵبەندی گەورەترین ز زۆرترین بڕی لۆکە لە جیهاندا لە سەدەکانی ناوەڕاست(موريس لومبار، ١٩٩٠، ص٢٧٠). ناوچەکانی الحولة و قودس لە مەڵبەندە گرینگەکانی بەرهەمهێنانی لۆکە بوون.(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٢، ١٥٣) سەرەڕای شاری حلب و دەورووبەری(ياقوت الحموي، د.ت، ١٦٨/٣/٢). ئاوریشم لە تە ك خوری و لۆکە؛ کەرەستەیەکی تره پیشەسازی ڕستن و چنین پشتی پێبەستووە، دەزووی ئاوریشمی جۆرە کرمێك دروستی دەکرد کە لە هەندێ ناوچەدا هەبووە، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی دار تووی زۆر بوو، لەوانە شاری عسقلان کە کرمی ئاوریشی زۆر بوو(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٩) بە جۆرە قوماشێکی ئاوریشمی نایاب و دەگمەن بەناوبانگ بوو، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات(البدور، ٢٠٠٤، ص٨٩) و بازاڕی تایبەت بە دروستکردن و فرۆشتنی قوماش هەبووە(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٩، ١٥٤) هەروەها پەروەردەکردنی کرمی ئاوریشمی کاری تایبەتی دانیشتوانی لوبنان و دەورووبەری انطاكية بوو و ڕووبەرێکی بەرفراوانی زەوی تەرخانکرابوو بۆ چاندنی تۆو، بۆ دەستکەوتنی دەزووی ئاورشمی(محمد كرد علي، ١٩٢٦، ٢٢٧/٤). انطاكية بە بوونی جۆرێك لە جۆرە باشەکانی قوماش ناسرابوو(لومبار، ١٩٩٠، ص٢٧٤) منبج لە نێوان ڕووباری فوڕات و شاری حلب بە بوونی ڕێژەیەکی زۆری دەزووی ئاوریشمی ناسرابوو(ياقوت الحموي، د.ت، ١٨٠/١/١؛ محمد كرد علي، ١٩٢٦، ٢٢٠/٤) لە شارەکانی تر کە بە ڕستن و چنین ناسرابوون شاری الرملة کە بە میزەری سەر ناسرابوو(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤) شاری صوربە جۆرە قوماشێکی سپی گرانبەها(الادريسي، ١٩٦١، ٣٦٦/١) بعلبك بە

پشـتوین و بەسـتەر و جـۆرە پۆشـاکێك کـە بـە نـاوی شـارەکەیە پۆشـاکی بەعلەبـەکی دەنـاسرا و پۆشـاکی الصفدیـة لـە شـاری صفـد بەرهەمدەهێـنرا و پۆشاکی(البلعسـیة بەنـاوی ناوچـەی بلعـاس کـە سـەر بـە شـاری(حمص)ه(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤؛ محمـد کـرد عـلي، ١٠٢٦، ٢٢٠/٤). فەڵەسـتین بـە دروسـتکردنی پۆشـاکێکی سـپی ئاورشـمي بـە نـاوی (الملاحـم) ناسرابـوو کـە لـە شـاری قـودس دروسـت دەکرا(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤) و شـارۆچکەی البـاب ی نزیـك حەلـەب بـە دروسـتکردنی جـۆرە چاکەتێـك لـە لۆکـە کـە بـە (کربـاس) ناسرابوو(یاقـوت الحمـوي، د.ت، ٢٤٢/١/١) سـەرەڕای دروسـتکردنی جـۆرە پشـتێنێك لـە وڵاتی شـام لـە خـوری کـە پێیدەوتـرا (کـمار) و لـە کەمـەردا دەبەسـترا و تەواوکـەری جـل و بەرگـی میللـی بوو(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤؛ محمـد کـرد عـلي، ١٩٢٦، ٢٢٣/٤) شـاری رصافـة ی شـام بـە دروسـتکردنی میزەر(السـیوطي: ١٩٨٨، ص٨٨)، و طبریـة بـە جـۆرە عەبایـەکی سـەوز کـە شـێخ و زانـاکان دەیانپـۆشی پێیدەوتـرا الطیلسـان و قوماشـێکی تـری دروسـتکراو لـە لۆکـە بـە نـاوی البز(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٣-١٥٤) و شـاری منبـج کـە هـەر کۆنـەوە بـە پۆشـاکی ئەنبەجـانی ناسراوبوو(إبـن عسـاکر، ١٩٩٦، ١٥٥/٣٤) هەروەهـا شـاری المصیصـة بـە دروسـتکردنی فـەروو بەناوبانـگ بـوو، هـەروەك (یاقـوت الحمـوي، م٦٢٦هـ/١٢٢٩م) ئاماژەی پێکـردووە، "لـە تایبەتمەندیـەکانی تخوبـەکان ئەوەبـوو کـە لـە شـاروچکەی المصیصـة فـەروو بـۆ هەمـوو لایـەك دەنێـردرا و باردەکـرا، هەنـدێ جـار نرخـی فەرووێـك گەیشـتۆتە ٣٠ دینـار" (د.ت، ٢٧٩/١/٤) لـە شـاری حمـص جـۆرە پۆشـاکێك دروسـتدەکرا لـە خـوری و مـووی بـزن کـە پێیدەوتـرا و الحمصیـة الشـامیة کـە ڕەنگـی ڕەش بـوو، هەندەجـار ڕەشی خەتـدار بـوو، هەوەهـا (البرنـکاني) پێوتـراوە کـە واتـای پۆشـاکی ڕەش دەگەیێنێ(ابـن منظـور، د.ت، ٢٨١/٢)لەگـەڵ سـەرپۆش پۆشـاکی (الحفیـة) یەکێکـە لـە پۆشـاکەکانی تـر کـە لـە ناوچـەی الحفیـة ی ڕۆژئـاوای حلـب دروسـتدەکرا ولـە ڕەصافـة الشـام لـە ڕۆژئـاوای شـاری الرقـة پیـاوان هـاوکاری ژنانیـان دەکـرد لـە کاری ڕسـتن و ژنەکانیـش کاری چنینیـان دەکـرد هـەروەك (یاقـوت الحمـوي) دەڵێـت "هـەر پیاوێـك بـە دەوڵەمەنـد و هەژاریانـەوە کاری ڕسـتنیان دەکـرد و ژنەکانیـش چنینیـان دەکـرد لـە رصافـة الشـام"(د.ت، ٢، /٤٠٥/٤) ئـەم کارەش زیاتـر لـە لایـەن ژنـان ئەنجامـدەدرا، بـەڵام دیـارە لـە هەنـدێ ناوچـەدا پیـاوان هـاوکاری ژنانیـان کـردووە بـۆ دەسـتکەوتی زیاتـر و ڕاپەڕانـدنی کارەکـە بـە هـەرە وەزی.

شـاری دیمەشـق بـە پیشەسـازی هەمەجـۆر نـاسراوە، لەوانـەش پیشەسـازی ڕسـتن و چنـین و پۆشـاکی دروسـتکراو لـە لۆکـە و ئاوریشـم و خـوری و کەتـان کـە دەگمەنـە و بـێ وێنەیـە بـوون هـەروەك (الإدریـسي) (م٥٥٩ك/١١٦٦ز) لـە سـەرەتای سـەدەی (٦ك/١٢ز) ئامـاژەی بـە شـاری دیمەشـق کـردوە و وتوویـەتی: "شـاری دیمەشـق کۆکـەرەوەی جۆرەهـا بەرهەمـی بـاش و پیشەسـازی و پۆشـاکی ئاوریشـمییە، وەك پۆشـاکەکانی خـەز و دیباجـی دەگمـەن و گرانبەهـا و سەرسـوڕهێنەر و بـێ وێنـە لـە دروسـتکردندا، کـە بـۆ هەمـوو وڵاتـان دەنێرێـت و ئامـادە دەکرێـت بـۆ هەمـوو ناوچـەکانی دوور و نزیـك، هەروەهـا کارگـەکانی دروسـتکردن خۆیـان لـە قـەرەی دیباجـی ڕۆم دەدات و، بـەراورد دەکـرێ بـە پۆشـاکی تـسر و بەربـەرەکانی بەرهەمـەکانی ئەسـفەهان دەکات و لـە سـەرووی کارەکانی نەخشەسـازی نیسـابوورە لـە نایـابی پۆشـاکی ئاوریشـمی داهێنانـەکانی پۆشـاکی تنیـس و نەخشەسـازی سـەری ئـەو پـەڕی هونەریـی لەخـۆ گرتـووە، لـە جـوانی و بـاشی کـە هاوشـێوە و هاوتایـان نییـە و هیـچ بەرهەمێـك ناتوانـێ بەربەرەکانێـی بـکات"(١٩٦١، ٣٦٩/١). پۆشـاکی دیبـاج کاری دەسـتی بـوو بـە دەرزی، جۆرەهـا نەخـشی جۆراوجـۆری لەسـەر دەکرا(کیـال: ٢٠٠٧، ص٩٣) هەندێـك لـە جـۆری قوماشـەکانی دیمەشـق کـە لـە ئاوریشـم یـان لۆکـە و کەتـان دروسـتدەکراەو دەڕازایـەوە بـە نەخـش و تاڵـی ئاڵتـوونی یـان زیـوی و نیـگاری بـێ وێنـە لـە جـوانی (المقـدسي، ٢٠٠٣، ١٥٤)

هەروەهـا (أبـو البقـاء البـدري) بـاسی جـۆرەکانی قوماشی دیمەشـق دەکات و دەڵێـت: "یەکێـك لـە بـاشی کارەکانی دیمەشـق ئـەو قوماشـانەیە کـە لـەم شـارەدا دروسـت دەکرێـت و دەچنرێـت، بـە جۆرەهـا نەخـش و نیـگار و وێنـە، لەوانـەش قومـاشی ئەتڵـەس بـە هەمـوو جـۆر و بابەتـەکانی و قومـاشی هورمـزی بـە هەمـوو جـۆرەکانی و دروسـتکردنی قومـاشی سـپی دروسـتکراو بـۆ ڕازاندنـەوەی کۆشـکەکان و جـۆری تـر بـۆ مـردووەکان" هەروەهـا قومـاشی سـابووری بـە

هەمــوو ڕەنگــەکانی و جــوانی بریســکەی(١٩٨٠، ص٢١٤) قــە لای زغــر بەناوبانــگ بــوو بــە بەرهەمهێنــانی لۆکــە (ابــن ســعید، ١٩٧٠، ١٥٤)جگــە لەمانــە پۆشــاکی تایبــەت بــە وەرزی حــەج و عومــرە دروســتدەکرا(إبن بطوطــة، ١٩٨٧، ٦٢/١) و عجلــون بــە پۆشــاکی لۆکــە ناسرابــوو، لەبــەر زۆری بەروبــووم و پۆشــاکی لۆکــە بازاڕێــکی تایبــەتی هەبــوو بــۆ فرۆشــتنی بەروبوومــەکانی بەنــاو بــازاڕی لۆکەفرۆشــان(النویري، ٢٠٠٢، ٢٦٩/٣٣".

کاری ڕســتن و چنــین تەنیــا قومــاش و پۆشــاك ناگرێتــەوە، بەڵکــو پێویســتی تریــش دەگرێتــەوە کــە مــرۆڤ لــە ژیــانی ڕۆژانــەی لەنــاو مــاڵ و لــە دەرەوە بــەکاری دەهێنێــت، وەك ڕســتن و چنینــی مافــوور، بــەڕە، بەرمــاڵ، بەرگــی ســەرین، پــەردە، ڕەشــماڵ، چــادری گــەورە، ئــاڵا و بەرگــی گەلوپــەلی ناومــاڵ و دەرەوەش. مافــوور؛ لــە بەرهەمــە بەهادارەکانــە و بــۆ ســەردەمێکی زۆر زوو دەگەڕێتــەوە، بــوونی مافــوور مانــای بــوونی ســەرمایە و دەوڵەمەنــدی بــوو، کــە پــارەدارەکان لــە مــاڵ و کۆشــك و تــەلار و دیوەخانەکانیــان بەکاریاندەهێنــا، ســەرەڕای بەکارهێنــانی وەك کەلوپەلێــکی ناومــاڵ بــۆ خــۆ گەرمکردنــەوە. ڕســتن و چنینــی مافــوور یەکێــك بــووە لــەو کارانــەی کــە هــەر لــە ســەردەمی زووەوە دانیشــتوانی وڵاتی شــام پێــی ئاشــنابوون و دروســتیانکردووە، هــەروەك (نــاصر خــسرو) لــە نێــوەی یەکەمــی ســەدەی (٥ ك/١١ز) ســەردانی وڵاتی شــامی کــردووە و چــووە بــۆ قــدس و مزگــەوتی قبــة الصخــرة و مافــووری ئاوریشــمی لــە مزگەوتەکــە بینیــوە ڕاخــراوە وتوویــەتی: "زەویەکــە بــە مافــووری ئاوریشــمی جــوان ڕازاوەتــەوە)(١٩٩٣، ص٨٠)، ئــەوەش ئــەوە دەگەیەنێــت کــە وڵاتی شــام مەڵبەنــدی دروســتکردنی مافــوور بــووە، شــاری دمشــق ناوبانگــی دەرکردبــوو بــە دروســتکردنی مافــووری نەخشــدار و ڕەنگاوڕەنــگ و مافــووری طرطــوس لەپــاڵ مافــووری ئەرمــەنی و میســڕی لــە جــۆرە باشــەکانی مافــوور بــوون لــەو ســەردەمەدا(لومبار، ١٩٩٠، ص٢٧٤).

لــەو بەروبوومانــەش کــە لــە خــوری دروســتدەکرا، وەك عەبــا، پشــتێن یــان کەمەربەســت، بــەڕە، ڕەشــماڵ و چــادر؛ بــۆ کاری ســەربازی پێویســتیان بــە چــادر بــوو وەکــو ئەیوبییــەکان کــە لــە ســەربازگەکانیان بەکاریاندەهێنــا، هەروەهــا چــادری ســوڵتانی هەبووکــە گرنگــی تایبــەتی پێــدەدرا و بــە پێوانــەی گــەورە دروســتدەکرا لــە لۆکــەی شــام بــە ڕەنگــی جۆراوجــۆر وەك ســوور، ســپی و شــین و ڕەنگــی تــر، بــۆ ئــەوەی لــە شــێوەی کۆشــك و تەلارەکانیــان بچێــت و تێــدا بمێننــەوە لــە کاتی پێویســتدا (القلقشــندي، ١٩٦٤، ٩/٤). پیشەســازی ڕســتن و چنینــی لۆکــە لــە پیشەســازییە بــەرز و شــکۆدارەکانی وڵاتی شــام دادەنــرا، لۆکــە پێــش ڕســتنی دەبوایــە پەڕەبکرێــت بــە ئامێــری تایبــەت بــۆ پاککردنــەوەی لــە تویکل و پاشــماوەکانی و ئینجــا جیابکرێتــەوە لــە لۆکــەی پــاك نەکــراو و کــۆن و ڕەنگــی ســوور و ســپییەکەی تێکــەڵ بــە یەکــتر نەکرێــت، دوای ئــەوە دەڕسراو دە کــرا بــە دەزوو ڕیــس و ئامــادە دەکــرا بــۆ چنین(الشــیزري، ١٩٦٤، ص٦٩)

یەکــێ لــەو پیشــانەی کــە بەنــدە بــە پیشەســازی ڕســتن و چنــین و تەواوکەریــەتی، پیشــەی بۆیەکردنــە، هــەر لــە ڕۆژگاری زووەوە دانیشــتوانی وڵاتی شــام ئــەو پیشــەیان زانیــوە و شــارەزا و لێهاتووبــوون بــە تایبــەتی خەڵــکی دیمەشــق ڕەنگــی ئەرخەوانیــان بەکارهێناوە(الجوبــري: ١٣٠٢، ص١١٤-١١٦) لــە دیارتریــن ڕەنگــەکانی تــر کــە بەکاریانهێنــاوە، ڕەنگــی زەرد کــە لــە زەعفــەران دەریاندەهێنــا لــە دوایــدا ڕێــژەی چانــدنی زەعفــەران زیادکــرا، کــە ســەرەڕای ســوود وەرگرتــن لــە ڕەنگەکــەی بــۆ خۆشــکردنی تامــی خۆراکیــش بەکاردەهــات، هەروەهــا ڕەنگــی ســوور و ســپی و لــە ڕووەکی النیل ڕەنگــی شــینیان دەردەهێنــا بــۆ بۆیەکــردنی جــل و بەرگــی جووتیــار و کرێــکارەکان بەکاردەهــات، کــە أریحــا وصغــر و بیســان ناسرابــون بــە بــە رهــە مهینانی(المقدسي، ٢٠٠٣، ص ١٤٩، ١٥٣) .

**٤- پیشەسازی حەسیر و پەت و سەبەتە**

حەســیر؛ بــەو پارچــە بــەڕە دەوترێــت کــە لــە لــق و پۆپــی دار خورمــا دروســت دەکرێت(إبــن منظــور: د.ت، ١٦٩/٤) و بەکاردەهێنرێــت بــۆ مەبەســتی لەســەر دانیشــتن وەك پێویســتییەکی ناوماڵ(مصطفــی واخــرون: دت، ٤٩/١)، ســەرەڕای ڕاخســتنی لــە مزگەوتــەکان بــۆ مەبەســتی نوێژکــردن لەســەری وەك بەرمــاڵ بــۆ پــاك و خاوێنــی و پاراســتنی نوێژخوێنــان لــە تــۆز و خۆڵــی زەوی مزگەوتەکان(القاســمي، ١٩٨٨، ٩٨/١-٩٩) ئــەو پیشەســازییە زیاتــر لــە ناوچــەکانی باشــووری وڵاتی شــامدا هەبــوو، لەبــەر بــوونی کەرەســەی خــاوی پێویســت بــەم پیشەســازییە زیاتــر لــە بەشــەکانی باشــووری وەك جــۆرە

ڕووەكێك بەناوی سامان لە بیسان كە لە لق و پۆپەكانی جۆرە حەسیرێك دروستدەكرا هەر بە ناوی ڕووەكەكە پێدەوترا حەسیری سامانی، هەروەها لە عكا جۆرە حەسیرێكی دەگمەن و نایابی لێ دروستدەكرا كە هاوشێوەی كەم بووە لە باشی و جوانی و شێوەی(الإدريسي، ١٩٦١، ٣٥٦/١، ٣٦٣).

هە روە ها جگە لە م داره لە چەند درەختێكی تر حەسیر دروستدەكرا لەوانە ڕووەكی (الحلفاء) كەبە رزی لە باڵێک زیاترەو قەدەكانی تاڕادەیەک نەرمن(القاسمي، ١٩٨٨، ص٣٦١/٢)، بە زۆری لە دارستانێكی دەوروبەری شاری قودس هەبوو، بەناوبانگ بوو بە دروستكردنی حەسیر سەرەڕای دروستكردنی پەت لەم ڕووەكە(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٢)، هەروەها لە چەند ناوچەیەكی تر ئەو ڕووەكە هەبووە وەك دەشتایی الحولة (شيخ الربوة، ١٩٦٣، ص٢١١) و لە پاڵ (طبرية) دارستانێكی چڕی ئەم ڕووەكە ناوچەكەی داپۆشیبوو و دانیشتوانی بە دروستكردنی حەسیر و بەرماڵ ناسراون و نرخی هەر بەرماڵێك پێنج جونەیهی مەغریبی بوو(ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٦٧).

سەرەڕای ئە مانە پەت لە توێكڵی قەدی دارێك دروستدەكرا بە ناوی داری (الخزم) كە لە ڕەگەزی دارخورمایە(ياقوت الحموي، د.ت، ٢٣١/٣/٢) هەروەك شاری (الكرك) لە ئوردەن ناوبانگێكی گەورەی هەبوو لە دروستكردنی حەسیر و هەر بە ناوی شارەكە بە حەسیری (الكركي) یان (الكركر) ناسراوبوو(إبن الاخوة، ٢٠٠٧، ص٢٣٢). جگە لە حەسیر ڕووەكی الحلفاء بەكاردەهات لە لایەن دانیشتوانی وڵاتی شام بۆ دروستكردنی پەت و سەبەتە و زەمبیل ئەو سەبەتانە هێندێكیان گەورە و دەسكدار بوون و جووتیارەكان بەكاریان دەهێنا بۆ گواستنەوەی بەروبوومەكانیان، ئەم سەبەتانەش دەچنرا و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بۆ ئەوەی توانای هەڵگرتن و گواستنەوەی بەروبوومی زیاتری هەبێ(النويري، ١٩٣١، ٢٦٩/٨) شاری دیمەشق سەرەڕای دروستكردنی مافوور بە پیشەسازی دروستكردنی حەسیر و بەرماڵ و تەسبیح ناسرابوو(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٢؛ ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٧٤)، لەبەر پێویستی دانیشتوانی وڵاتی شام بە حەسیری زیاتر بە تایبەتی بەرماڵی نوێژ لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە موسڵمانانی ناوچە كە و دەوروبەری ئەوانای لە توانایاندا نەبوو سەردانی شاری مەككە بكەن دەچوون بۆ سەردانی مزگەوتی (مسجد الاقصى) لە قودس (ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٦٧)

**٥- پیشەسازی خۆشكردنی پیستە (الدباغة)**

پیشەسازی خۆشكردنی پیستە؛ یەكێكە لە پیشەسازییەكان كە مرۆڤ كردویەتی بۆ دابینكردنی پێویستییەكانی ژیانی ڕۆژانەی لەو كەلوپەلانەی كە لە پیستەی ئاژەڵ دروست دەكرێت، وەك پێلاو، زینی وڵاغ، پشتێن، مەشكە، جل وبەرك و كیسی تایبەت بە هەڵگرتنی پارە و كەل و پەلی ناوماڵ(محمد كرد علي، ١٩٢٦، ٢٠٦/٤) ئەمە جگە لە كیسی دروستكراو بۆ پاراستنی مێوە لە تێكچوون هەروەك (الثعالبي) ئاماژەی پێكردووە كە كیسی پیستە بەكارهاتووە بۆ گواستنەوەی سێوی ناوچەكانی لوبنان بۆ خەلیفەكان لە بەغدا، كە ساڵانە دەنێردرا(١٩٦٠، ص١٥٦؛ البيروني، ١٩٧٣، ص١٥١). ئەو كەسەی بەم كاره هەڵدەستا پێیدەوترا پیستەخۆشكەر (الدباغ) كە هەڵدەستا بە پاككردنەوەی پیستەی ئاژەڵ لە مووەكەی بە بەكارهێنانی ماددەی شەب و مازوو یان بە ئامێر، ئەو شوێنەی كە كارەكەی تێدا ئەنجام دەدرا پێیدەوترا دەباخخانە.(القاسمي وآخرون: ١٩٨٨، ص١٤٠)

لە ولاتی شام بە چاوێكی نزم سەیری هەندێ پیشە كراوە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە، لەوانەش پیشەی خۆشكردنی پیستە(الذهبي: ١٩٩٣، ٢٧٣/٥) و چینێكی كەم لە كۆمەڵگە كاری خۆشكردنی پیستەیان دەكرد و زۆربەیان جوولەكە بوو(الجاحظ: ١٩٨٧، ص٦٢٦.)، ئەوەش لەوانەیە لەبەر زەحمەتی كارەكە و ئەو بۆنە ناخۆشە بێت كە پیستەكە و ئەو مادانەی هاتووە كە لە خۆشكردن و پاككردنەوەی پیستە بەكاردەهات(الحسيني: ١٣٤٢، ص٩٢)، هەر بۆیە بازاڕی دەباخخانەكان و لەگەڵ بازاڕی گۆشتفرۆشان لە دەرەوەی شارەكان بوو(إبن حوقل، ١٩٧٧، ص١١٤)

پیشەسازی خۆشكردنی پیستە لە زۆربەی ناوچەكانی وڵاتی شام بەربڵاو بوو، بەڵگەش بۆ ئەوە بوونی چەند بازاڕێك بوو لە شارەكانی وڵاتی شام بەناوی بازاڕی پیستەخۆشكردن (سوق الدباغين) و بازاڕی پینەدۆزەكان (سوق الاسكافين) كە كاریان بریتیی بوو لە چاككردنەوەی پێلاوە كۆنەكان

ونەیاندەتـوانی پێـلاوی نـوێ دروسـتبکە(ابن عسـاکر، ١٩٩٦، ٧١/١/٢/).

هـەر یەکـە لـە شـارەکانی (قـودس) و (الرملـة) ناسرابـوون بـە خۆشـکردنی جۆرێـکی دەگمـەن و نایـابی پیسـتەی سـپی بەنـاوی (قضـم قریش)(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٣). زۆربـەی ئـەم پیشەسـازییەش لـە لێـوار و کەنـاری ڕووبـارەکان دەکـرا، ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی کـە پێویسـتی بـە برێـکی زۆری ئـاو هەبـوو بـۆ پاککردنـەوەی پیستەکە، هەروەهـا لـە شـارەکانی (قـودس)، (نابلـس)، (البلقـاء) و (عجلـون) بـازاڕی خۆشـکردنی پیسـتە هەبوو(النویـری: ٢٠٠٢، ٢٧١/٣٣).

ئـەو پیشەسـازییە چەنـد پیشـەیەك لەخـۆ دەگرێـت، لەوانـەش پیشـەی لەبەرگگرتنـی پەرتووکـەکان و شـێوازی بەکارهێنـانی ئاڵتـوون لـە نووسـینی بەرگـی کتێبـەکان و نووسـینی سـەردێڕ و بابەتـە دیـارەکان بـۆ لەبەرگرتنـی بـە شـێوەیەکی جوان(حـران: ٢٠٠٤، ص٢٠٧-٢٠٨)، پیسـتی گوێرەکەیـان بەکاردەهێنـا بـۆ لەبـەر گگرتنـی دەسـتنووس و قورئـانی پـیرۆز و پەرتووکـە ئاسـمانییەکانی تـر بـۆ پاراسـتنی لـە تێکچـوون و فەوتـان.

لـەو کەلوپەلانـەی لـە پێسـتی ئـاژەڵ دروسـتدەکران زینـی ئەسـپ و وڵاغ و کورتـانی گوێدرێژ(القلقشـندي، ١٩٦٤، ١٤٣/٢)، ئـەو کەسـەش کـە زینـی دروسـتدەکرد پێیدەوتـرا سـەراج وە ئـەوەی کورتـانی دروسـتدەکرد پێیدەوتـرا کورتانـدروو، زیـن و کورتـان دەخرایـە سـەر پشـتی ئەسـپ و گوێدرێـژ و ئاژەڵـە بارییەکان.(إبـن منظـور، د.ت، ٢٩٧/٤) هەروەهـا پیسـتەی مـەڕ و بـزن بەکاردەهێـنرا بـۆ دروسـت کـردنی مەشـکە دوای ئـەوەی خۆشـدەکرا بـۆ پاراسـتنی ئـاو و شـیر.(مصطفی و آخـرون، ، دت، ٧٢٣/٢) وە کیـسی بچووکـتر لـە مەشـکە دروسـتدەکرا بـۆ پاراسـتن و هەڵگرتنـی ڕۆن تێـدا کـە پێیدەوتـرا (العکـة) (إبـن منظـور، د.ت، ٤٦٧/١٠)، وە کیسـێکی لـەو بچووکـتر بـۆ هەڵگرتنـی هەنگویـن پـێ دەوتـرا (السـعنة)، کیسـێکی تـر لـە (السـعنة) بچووکـتر بـۆ هەڵگرتنـی ماسـت یـان ئـاو بەکاردەهـات بـە نـاوی (الشـکوة)(إبن منظـور، د.ت، ٣٩٢/١٣). سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە لـە پیسـتەی ئـاژەڵ ڕایەخیـان دروسـتدەکرد بـۆ ناومـاڵ بـۆ خۆگەرمکردنـە و جوانـکاری.

**٦- پیشەسازی دروستکردنی بۆن**

وڵاتی شـام ژینگەیـەکی لـە بـار و گونجـاوی هەبـووە لـە ڕووی خـاك و کـەش و هـەواوە بـۆ چانـدن و گەشـەکردنی گـوڵ و گوڵـزار و گیـای سروشـتی هەمەجـۆر، کـە بـەشی زۆری خۆڕسـکن و لەخۆیانـەوە دەڕوێـن و هەندێکیشـیان لـە لایـەن جووتیارەکانـەوە چێـنراون بـۆ بەکارهێنـانی لـە دروسـتکردنی بۆنـدا، بـوونی ڕێژەیـەکی زۆری گـوڵ و گوڵـزاری هەمەجـۆر لـە شاری دیمەشـق، بـە تایبـەتی لـە بـەشی ڕۆهـەڵاتی کـە (غوطـة)ی پێدەوترێـت، جۆرەهـا گوڵـی هەبـووە و وەسـفکراوە بـە یەکێـك لـە چـوار بەهەشـتەکەی سـەر زەوی و بەڵکـوو باشـترین و خۆشـترینیان(الخوارزمي، د.ت، ص١٢٤). دەربـارەی گوڵـی دیمەشـق(ابن جبـیر)(م٦١٤ك/١٢١٧ز) وتوویـەتی: "ڕازاوەتـەوە بـە گـوڵ و گوڵـزار و بەرگێـکی سـەوزی پۆشـیوە"(١٩٥٩، ص٢٣٤). گوڵـزارەکانی ڕەنگاوڕەنـگ بـوون و پـەڕی هێندێـك لـە گوڵـەکان دوو ڕەنـگ بـوون، لـە نـاوەوە ڕەنگێـگ بـوون و لـە دەرەوە ڕەنگێـکی تر.(المهلبـي) (٣٨٠ك/٩٩٠ز) وتوویـەتی: "لـە دەورووبـەری دیمەشـق دوڵـی وەنەوشـە هەیـە، بـە درێژایـی چـوار میـل کـە ڕووبـاری الـبردي دەیبڕێـت، دۆڵەکـە پـڕە لـە داری چنـار، کـە ڕۆژ ناگاتـە زۆربـەی خاکەکـەی و خاکەکـە هەمـوو بـە گوڵـی وەنەوشـە داپۆشراوە و لـەو پـەڕی جوانییـە" (د.ت، ص٩٢) ئـەوەش وادیـارە دار و درەختـەکانی ئەوەنـدە زۆر و چـڕ بـوون، سێبەریان لـە خاکەکـە کـردووە و لـە زۆر شـوێن تیشـکی خـۆر بـەر خـاك نەکەوتـووە.

هەروەهـا دێـی المـزة کـە خـۆی نـاوی المنـزە بـوو، واتـا سـەیرانگە، کەوادیـارە وەك سـەیرانگەیەك بـووە لەبـەر دیمـەنی جـوانی و سازگاری ئاوەکـەی و زۆری گـوڵ و گوڵـزار و دەرهێنـانی گـوڵاو. ئـەم نـاوەی لێنراوە(شـیخ الربـوة، ١٩٦٣، ص١٩٤)، تەنانـەت دوای دەرهێنـانی گـوڵاو، پاشـماوەی گوڵـەکان کـە فڕێدراوەتـە نزیـك شـەقامەکان وەك خاشـاك، بۆنـە خۆشـەکەی هاوشـێوەی نەبـووە و خۆشـتربووە لـە بـۆنی مسـك، تـا کاتی بەسـەرچوونی وەرزی گوڵ(المهلبـي، د.ت، ص٩٢)

ناوچـەی الزبـداني وەسـفکراوە بـەوەی کـە پارچەیەکـە لـە گـوڵ و قـەڵای گوڵانـە و گـوڵاوی لێدەرهیـنرا وە. هەروەهـا چیـای قاسـیون دار و درەخـت و گوڵـی وای لـێ ڕوواوە کـە لـە ناوچـەکانی تـر نەبـووە، وەك باخێـك بـە قەدباڵـی

چیاکە(البدري، ١٩٨٠، ص٦٠). الحولة مەڵبەندی لۆکەو گوڵ بوو. (المقدسي) لەبەر زۆربەی گوڵ و گوڵزار و دیمەنی جوان و سەرەنج ڕاکێشی وتوویەتی: "ناتوانرێت وەسف بکرێت"(٢٠٠٣، ص١٤٢). شاری سەری کانی (رأس العين) بە زۆری گوڵی نیلوفر(إبن سعيد، ١٩٧٠، ص١٥٤) و طبرية بە گوڵی یاسمین، تەنانەت لەبەر زۆری گوڵ لە دەورووبەری مزگەوتەکە بە مزگەوتی یاسمین ناسراوە(ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٦٣). چیای طور هەموو جۆرەکانی گوڵی لێ ڕوواوە(لامنس، ١٩٨٢، ص ٧٧/٥١) لێوارەکانی ڕووباری ئوردەن ناسرابوو بە زۆری گوڵە بەیبوون(القاياني: ١٩٨١، ص١١٢). و أريحا بە ڕەیحان(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٩-١٥٠)، ناوچەی الباب و شاری حەلەب بە دروستکردنی گوڵاوی قەنەفل بەناوبانگ بوو(محمد كرد علي١٩٢٦، ١٧٤/٤). بەم شێوەیە وڵاتی شام بە گوڵی هەمەجۆر ناسراوە، هێندێك لەو گوڵانەش ڕۆنی بۆنداری لێ دەرهێنراوە وەك ڕۆنی گوڵی بەیبوون(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤). (القلقشندي) ئاماژە بە ناوی هێندێ لەو گوڵانەی وڵاتی شامی کردووە کە گوڵاوی لێ دەردەهێنراوە وەك الآس، نێرگز، بەیبوون، یاسمین و نەسرین(١٩٦٤، ٨٧/٤).

(أبي البقاء البدري) زۆرترین زانیاری پێمان داوە لەسەر گوڵ و گوڵزارەکانی شاری دیمەشق، بە تایبەتی ناوچەی غوطة و جۆرەکانی دیاریکردووە و پۆلێنی کردووە، باشترین جۆری گوڵیش لای ئەو گوڵی جوریە کە سوڵتانیشی پێوتراوە و ڕەنگی سپی و سووری هەبووە و لە ڕووبۆنەوەش گوڵی بۆن ساردو هەروەها بۆن گەرم هەبووە(١٩٨٠، ص ٦٠)کە مە بە ستی لە سووکی وقورسی بۆنە کەیە ومانەوەیەتی لە ڕووی کاتەوە

لە گرنگترین ئەو بۆنانەی کە دانیشتوانی شام هەر لە کۆنەوە بەکاریان هێناوە بۆنی الغالية) بوو(الاصفهاني، ١٩٨٠، ٢٩٢/١٥؛ القلقشندي، ١٩٦٤، ٤٣٠/١)

گوڵ سەرەڕای بەکارهێنانی لە دروستکردنی بۆن، وەك کەرەستەیەك بەکارهێنراوە لە دروستکردنی دەرمان و چارەسەری پزیشکی، وەك گوڵە باخ، نێزگر، وەنەوشە، گوڵاڵە سوورە، سەوسەن و بەیبوون(البدري، ١٩٨٠، ص٦٠-٦١، ٧١، ٧٩، ٨٤-٨٥، ٨٨-٨٩، ٩١، ٩٦، ١٠٣، ١٠٧) و ڕێوا و گوڵی قەنەفل، (قراصيا)، (كثيراء) و مەحموودە(ڕووەکێکی هەلچووی بابەتی لاولاوە) و ڕەینەفون(درەختێکە گولێکی سپی دەکرێت و بۆ چارەسەری و تەداوی بەکاردێت) و (الحماما) هەموویان خۆڕسکن و لە قەد پاڵی چیاکانی لوبنان کە ناسراوە بە زۆری گوڵ و ڕووەکە جۆراوجۆرەکانی کە نزیکەی نەوەد جۆر دەبێت(شيخ الربوة، ١٩٦٤، ص١٩٩) هەروەها ڕووەکی (الراسن)(المقدسي، ١٩٦٣، ص١٥٤) سەرەڕای زۆری گوڵ و ڕووەکی خۆڕسك لە وڵاتی شام، شێوازی هونەری و زانستی بەکارهێنراوە لە چاندنی هەندێ جۆری گوڵ، تەنانەت هەندێ جۆری لە ئینجانەی تایبەت چێنراوە(الصالح: ١٩٨٢، ص٣٨٠)

**٧- شووشە سازی و گڵێنەسازی**

شووشە کەرەستەیەکی ڕەقی ڕوون و بریسکەدار و دەشکێ(هناء عبدالخالق، ١٩٧٦، ص١٣) لە ئەنجامی تێکەڵکردنی لم و بەردی کلسی و کاربۆناتی سۆدە و لە ژێر کاریگەری گەرمییەکی بەرز کە دەگاتە (١٥٠٠) پلەی سەدی، دەتوێتەوە دەبێت بە هەویرێك کە بەشێوە و قەبارەی جیاواز بە گوێرەی ویستی شووشەچییەکە کەلوپەلی شووشەیی لێ دروستدەکرێت(الرازي، ١٩٩٩، ص٢٥؛ محمد كرد علي، ١٩٢٦، ٢١٧/٤-٢١٨)لە نێوان سەدەکانی (٤-٦ك/١٠-١٢ز) گەیشتە ئەوپەڕی پێشکەوتن و دانیشتوانی شام زۆر شارەزای و کارامە و وردبوون لە هونەری نەخشکردن لەسەر شووشە و ڕازاندنەوەی بە مینا و ئاڵتوون و ڕەنگکردنی بە ڕەنگی هەمەجۆر(بيطار، ١٩٨٠، ص٣٣٥) کە لە جۆرە هەرە باشەکانی شووشە بووە، سەرەڕای کەمی نرخەکەی بە بەراورد بە بەرهەمی شووشەی وڵاتانی تر(الشيرازي: ١٩٨٣، ص١٧٧). ناوبانگی پێشکەوتنی پیشەسازی شووشەی وڵاتی شام گەیشتبووە ئاستێك کەبە نموونە دەهێنرایەوە لە نایابی و باشی جۆرەکەی . (الثعالبي) بەرهەمهێنانی شووشە بە یەکێك لە خاسیەتەکانی وڵاتی شام دادەنرێت و وەسفیدەکات و دەڵێت: "ناسکتر و ڕۆنتر لە شووشەی شام"(١٩٦٠، ص١٤٢) شاری (صور) بە گەورەترین مەڵبەندی بەرهەمهێنانی شووشە دادەنراو بە پلەی یەکەم دەهات لە نێو شارەکانی وڵاتی شام، لە ڕووی چەندییەتی و چونیەتی و جۆری بەرهەمەکەی کە بە نایابی و جوانی شێوە و هەمەجۆری ڕەنگەکانی و نەخشە سازسەری

ناسرابــوو (المقــدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤؛ الإدريــسي، ١٩٦١، ١/٣٦٥-٣٦٦). سـەرەڕای كارامەیـی و لێهاتوویـی پیشـەكارەكانی و بـوونی كەرەسـتەی خـاوی پێویسـت لـە م و جـۆرە خۆڵێـك لـەو شـارە كـە دەگمـەن و نایابە(بـراور یوشـع، ٢٠٠١، ص٥٥٠)بەرهەمـی شـارەكەش بـە شووشـەی صـوری (الزجـاج الصـوری) ناسرابـوو، لـە مەڵبەنـدەكانی تـری بەرهەمهێنـانی شووشـە شـارصیدا (بنیامـین التطیـلي، ١٩٤٥، ص٩٢)، هەروەهـا حەلـەب بەناوبانـگ بـوو لـە بەرهەمێنـانی شووشـە لەبـەر بـوونی جـۆرە لمێـكی بـاش لـە دەورووبـەری شـارەكە(لومبار، ١٩٩٠، ص٢٧٩)، هـەر وەك (القزوینـي) كاتێـك بـاسي بـازاڕی شووشـە دەكات لـە حەلـەب لەبـەر سـەرنج ڕاكێـشی و سەرسـوڕهێنەری كەلوپەلـە دروسـتكراوەكانی لـە شووشـە دەڵێـت: "لەسـەر سوڕهێنەرەكانی بـازاڕی شووشە، كاتێك مـرۆڤ بەلایدا تێپـەڕ دەبێت نایەوێـت بەجێیبهێڵێـت لەبـەر زۆری بینینـی كەلوپـەلی سەرسـوڕهێنەر و دەگمـەن و ئامێـر جـوان كـە دەنێردرێـت بـۆ هەمـوو وڵاتـان بـۆ ئەنتیكـە و دیـاری، هەروەهـا بـازاڕی المزوقـین كەلوپـەلی سەرسـوڕهێنەر و زەوقـی بـەرزە(١٩٦٠، ص١٨٣-١٨٤)

پیشـەوەرانی شووشـەچی لـە دمشـق هونـەری پێشـكەوتوویان بەكاردەهێنـا لـە كارەكانیـان كەلوپـەلی زۆر نایـاب و جوانیـان دروسـتدەكرد و دەیانڕازانـدەوە بـە نەخـش و نیـگار وەك كاسـە. دۆلكـە، دەفـر، پـەرداخ و شـەكردان، گوڵـدان و بتـل و كەلوپـەلی تـر. هەروەهـا شـارەكانی عـكا و خەلیـل ناسرابـوون بـە بـە رهەمـی شووشـە یـی هەمەجـۆری، چـرا و لەمپـا كـە ی بـە نـە خشـە سـەرنجڕاكێش و ڕەنگـە جوانـەكانی وەسـف دەكرا(محمـد كـرد عـلی، ١٩٢٦، ٤/٢٣٨). شـاری قـودس ناسرابـوو بـە بەرهەمهێنـانی ئاوێنـە، سـەرەڕای لەمپـا و چـراكان كـە بەشـێوە و قەبـارەی جیـاوازی وەك قوچـەك و چەمـاوەی نەخشـدار دروسـتدەكرا(المقدسي١٩٢٦، ص١٥٣) هەروەهـا ناوبانگـی أریحـا بـە دروسـتكردنی باشـترین جـۆری ئاوێنـە لـە هەمـوو وڵاتی شـامدا بڵاوبـوۆوە، هـەروەك (المقـدسي) دەڵێـت: "باشـترین ئاوێنـە ئـەوە بـوو كـە لـە أریحـا دروسـتدەكرا"(٢٠٠٣، ص١٥٣). دانیشـتوانی صیـدا بـە دروسـتكردنی چەنـد جۆرێـكی شووشـە ناسرابـوون، لەوانـە شووشـەی ڕوون و بـێ ڕەنـگ و ڕەنگـدار، كـە ڕەنگـەدارەكان هێندەكیـان ڕەنگـی ئەوەنـدە تولـخ و تاریـك بـووە كـە ڕۆنـاكی بەناوێـدا پێپـەڕ نەبـوەو و لـە كەسـەی گڵێنەسـازی چووە(سـالم: ١٩٨٦، ص٤٦). هەروەهـا لـە شـاری عـمان هۆیـەكانی ڕووناكردنـەوە دروسـتدەكرا لـە چـرا و لەمپـا و لالـە، كـە هەندێكیـان بەتایبـەت دروسـتدەكرا و بـە نەخـشی جـوان و ئایـەتی قورئـانی دەڕازێنرایـەوە و لـە مزگەوتەكانـدا هەڵـدەواسران و لەناوخـۆ بەكاردەهـات و بەشـێكی دەنێردرایـە دەرەوە(لسـترنج: ١٩٧٠، ص٣٦) شـاری أنطاكیـة بـە دروسـتكردنی كەلوپـەلی شووشـە ناسرابـوو، زۆربـەی پیشـەوەران كـە لـەم بـوارەدا كاریـان دەكـرد لـە ناموسـڵمانەكان بـوون، بـە تایبـەتی جوولەكـەكان هەروەك(بنیامـین التطیـلي، ت ٥٦٩هـ/١١٧٣م) ئامـاژەی پێكـردووە لـە شـارەكانی أنطاكیـة و صـور، جگـە لـە مـە ش كاری تریشیـان دەكـرد وەك بۆیەكـردن كـە یەكێـك بـووە لـە كارە كۆتاییـەكانی پیشەسـازی شووشـە بـۆ ڕەنگـردنی كەلوپەلـە دروسـتكراوەكان لـە شووشـە(١٩٤٥، ص٨٧، ٩٢، ٩٥، ٩٩، ١٠٤). هەروەهـا دانیشـتوانی وڵاتی شـام شووشـەیان بەكارهێنـاوە لـە دروسـتكردنی دەرگاو پەنجـەرەی كۆشـك و تـەلار و مزگەوتـەكان و بـە ڕەنگـی جۆراوجـۆر ڕەنگیـان دەكـرد، كـە لـە كاتی بەركەوتنـی تیشـكی خـۆر ڕەنگـەكان شـیدەبوونەوە و دیمەنێـكی زۆر جـوان و سـەرنج ڕاكێشـیان دەبەخـشی، هـەروەك (إبـن الفقیـة) دەڵێـت: "لەبـەشی سـە رە وە ىدیـواری مزگـەوتی قبـة الصخـرة پەنجـا و شـەش پەنجـە رە ىشووشـە بـە نـدی نـاو تەنـدوری تایبـەت بـەم كارە هەبـووە"(١٣٠٢، ١/١٥١)

گڵێنەسـازی؛ یەكێكـە لـەو پیشەسـازیانەی كـە لـە سـەردەمی زووەوە دانیشـتوانی وڵاتی شـام پێـی ئاشـنابوون و كەلوپەلەكانیـان دروسـتكردووە، كـە بـۆ سـەردەمی نەبەتییـەكان (١٦٩پ.ز -١٠٩ز)(سـالم، ١٩٧٩، ص١١٣) كەرەسـتەی خـاوی گڵێنەسـازی بریتییـە لـە قـوڕ دوای تێكەڵكـردنی لەگـەڵ ئـاو دەگیرێتـەوە وە كەلوپـەلی جۆراوجـۆر لـێ دروسـتدەكرێت تایبـەت بـەم كارە(الباشـا، ١٩٨٨، ص١٨٠) جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان هـەردوو نـاوی گڵێنـە (الفخـار) و (الخـزف) سـیرامیك هەردووكیـان لـە قـوڕ دروسـتدەكرێت و هاومانـان بـەڵام (الفخـار) یـەك جـار بـە ئاگـر سـووردەكرێتەوە كـە لەوپەڵـە دروسـتكراوە كـە لـە قـوڕ دەخرێتـە بـەر ئاگـر و لـە پلـەی گەرمـی دیاریكـراودا، بـەڵام (الخـزف) ئەوەیـە كـە (فخـار) دوای سـووركردنەوەی جارێـكی تـر، بـە چینێـك لـە مادەیـەكی شووشـەیی دادەپۆشرێـت كـە پێیدەوترێـت گلیـز و بـۆ جـاری دووەم

سووردەکرێتەوە دەخرێتە ناو ئاگر و دەبێت بە خزف، بەوەش دەناسرێتەوە کەلوپەلی خزف بریسکەیەکی تێدایە، لەبەر ئەو مادده شووشەیە بەکاردێت لە دروستکردنی لە چینی سەرەوەی هەروەها کەلوپەلی گڵێنەیی زووتر تووشی درز ە قلیشان دەبێ لەبەر هەڵگرتنی ئاو تێدا بۆ ماوەیەکی زۆر و گەرم کردنی لە پلەیەکی بەرز، بەم شێوەیە مرۆڤ هەر لە سەردەمی زووەوە هەوڵی داوە قوڕ بگۆڕێت بۆ کەرەستەیەك کە بتوانێ کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە لێ دروستبکات لە ڕێگەی سووورکردنەوەی بە گەرمی(النويري١٩٣١، ٢٠٣/١؛ مرزوق: فنون، ١٩٨٧، ص٥٢)، بەمەش بۆمان ڕوونەبێتەوە کاری گلێنەسازی کۆنترە لە سیرامیك و سیرامیك لە ئە نجامپیشکە وتنی کاری گلینەسازی هاتۆتە کاییەوەوقۆناغیکپییشکە وتووی کاری گلێنەسازییە. پیشەکارانی گڵێنە و سیرامیك دەست ڕەنگین و شارەزا و لێهاتووبوون لە کارەکانیان و ڕێگە و شێوازی هونەری پێشکەوتوویان بەکار دەهێنا لە دروستکردنی کەلوپەلی جۆراوجۆر لە مەنجەڵ، کوپە، گۆزە، دیزە، کوتەلە، ئینجانە، دەفر، جەڕە و کەلوپەلی تر(الادريسي، ١٩٦١، ٣٦٦/١؛ محمد کرد علي، ١٩٢٦، ٢٤١/٤)

لە مەڵبەندەکانی وڵاتی شام کە ناسراوبوون بە گڵێنەسازی و سیرامیك، شارەکانی صور، (الادريسي، ، ٣٦٦/١؛ لسترنج، ١٩٧٠، ص٢٨١) الرقة، (دیماند، ١٩٨٢م، ص٢١٩-٢٢٠) جريش، (حسين: ١٩٨٨، ص٤٤-٤٧) عجلون، (غوانمة: ١٩٧٩، ص٩٥) عمان، (غوانمة، ١٩٧٩، ص١٥١) قدس، (براور، ٢٠٠١، ص٥٥٦-٥٥٧) البلقاء و صفد (إبن حجي الحسباني، ١٩٩٩، ص٦٢٦). هەروەها شارەکانی فەڵەستین کە کەوتوونەتە سەر دەریای ناوەڕاست پیشەسازی گڵێنە و سیرامیك تێدا چالاك بووە، وەك عکا، یافا و غزة بە شێوە و نەخش و نیگاری جۆراوجۆر.(علي، ١٩٨٠، ص١٧٥)

**٨-پیشەسازی دارتاشی**

وڵاتی شام کە هەندی لە ناوچە کانی بە زۆری سامانی دارو دراخت ناسراوە وەك چیاکانی لوبنان

بەتایبەتی داری سنەوبەر، بەڕوو، قەزوان، مازوو، ئەسپیندار، چنار و خەروب(القزويني، ١٩٦٠، ص٢٠٨؛ المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٩) هەروەها ناوچە تخوبەکان و قەڵا و سەنگەرەکانی سەر سنوور وەك قەڵای (التينات) لە کەنار دەریا لەبەر چڕی دارەکانی لە ژماردن نایەت، بە تایبەتی دار سنەوبەر کە مەڵبەندێکی گرنگی بڕینەوە داربووە، کە نێردراوە بۆ شارەکانی وڵاتی شام و میسر بۆ بەکارهێنانی لە جۆرەها پیشەسازی کە دار وەك کەرەسەیەکی خاو بەکاردێت تییاندا(الاصطخري، ١٩٦١، ص٤٧؛ ابن حوقل، ١٩٧٧، ص١٦٧)، هەروەها ناوچەی کەنارییەکان بە گشتی و لێواری ڕووبارەکان(إبن حوقل، ١٩٧٧، ص ١٦٧؛ الادريسي: نزهة المشتاق، ٣٧١/١-٣٧٢؛ شيخ الربوة، ١٩٦٣، ص١٩٩) وەك دارەکانی جۆری غار، جومیز و عەرعەر لە ناوچەی نزماییەکان لە لێواری ڕووباری ژوور ئوردەن(محمد کرد علي، ١٩٢٦، ٤/ ١٧٠) دار قەزوان لە عمان(أبوالفداء، ١٨٤٠، ص٢٤٧) داری (القرط) و (السيح) لە چیای (الشراة)(العويدات، د .ت، ص١٢٠)، دار بەڕوو لە چیاکانی (عاملة) و دەشتە کەنارییەکان(طه ثلجي، ١٩٨٢، ص١٦٨) هەروەها لە قودس و چیای عجلون(غوانمة، ١٩٧٩، ص٢٧) دارستانەکانی چیای عجلون بە فراوانترین و جوانترین دارستانەکانی وڵاتی شام دانراوە، کە دارەکانی بریتیی بوون لە (السنديات) و (الملول) سنەوبەر و جۆریتر(محمد کرد علي، ١٩٢٦، ١٧١/٤٠) و دارستانی أرسوف کە دارستانێکی بەرفراوانە لە ڕووی ڕووبەرەوە لە عەسقەلان درێژدەبێتەوە تا شاری الرملة (المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٤٩؛ محمد کرد علي، ١٩٢٦، ١٧١/٤)، البلقاء بە زۆری و چڕی دارەکانی ناسراوە(حسين، ١٩٧٦، ص١٦٦)، دارستانی قیساریە بە چڕی و زۆری دارەکانی ناسراوە، و زۆری دارەکانی بریتیی بوون لە سنديات و خەروب و بەڕوو(المقدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٢)، هەروەها شاری دیمەشق بە تایبەتی ناوچەی غوطة بە زۆری و هەمەجۆری دارەکانی ناسراوە(الادريسي، ١٩٦١، ص٣٦٦). ئەمە سەرەڕای دروستکردنی باول لە داری گوێز بە پتەوی و جوانی ڕازاندنەوەی بە نەخش ناسراوبوو و لە پاڵ دروستکردنی زەنگ لە دار(محمد کرد علي، ١٩٢٦، ٢٢٨/٤-٢٢٩). دەورووبەری شاری حەلەب چەند دارستانێکی چڕی لێ بووە، کە یەکێکیان لەبەر فراوانی ڕووبەری پێ وتراوە دارستانی گەورە، کە بە ناوی (الزور)یش ناوی هاتووە، زۆربەی دارەکانی بریتیی بووە لە توو(محمد کرد علي، ١٩٢٦، ١٧١/٤). بەم شێوەیە وڵاتی شام هەر لە کۆنەوە بە

پیشەسازی دروستکردنی کەلوپەلی دار ناسراوە و بەردەوام لە پەرەپێدان و پێشکەوتندا بووە، تەنانەت دەوترێت یەکەم مینەبەری مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ.) کە لە دار دروستکرا، لە لایەن دارتاشێکی خەڵکی شام بوو(الخزاعي، ١٩٨١، ص١٠٣)

لەگەڵ بەرەو پێشچوونی باری ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری وڵاتی شام و گەورەبوونی شارەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێویستی و داواکاری ڕوو لە هەڵکشان بوو بۆ بەکارهێنانی دار لەو پیشەسازییانەی کە دار وەك کەرەستەیەکی بنەڕەتی بەکاردێت تێدا، لەوانە دروستکردنی ڕەژوو کە لە ئەنجامی سووتانی دار، ڕەژوو دروست دەکرێت و دانیشتوانی وڵاتی شام چۆن ئازووقەیان هەڵدەگرت لە کۆگاکان بۆ خۆراك، بەهەمان شێوە ڕەژوویان هەڵدەگرت لە کۆگاکان بۆ بەکارهێنانی بۆ ئامادەکردنی خۆراك و خۆ گەرمکردنەوە، تەنانەت لە ئامادەکردنی زۆر پیشەسازیەکان وەك بۆن و شەکر و زۆربیتر، هەروەها لە قەڵا و سەنگەرەکان لە کۆگاکان هەڵدەگیرا لە سەردەمی ئەیووبی و مەملوکەکان بۆ بەکارهێنانی لە کاتی گەمارۆدان و پێویستی(إبن عبدالظاهر، ١٩٦١، ص١٩٦) هەروەها دار کەرەسەیەکی بنەڕەتی بوو لە دروستکردنی کەشتی، کە هەندێ کات داری دارستانەکانی وڵاتی شام بەشی نەکردووە و لە دەرەوە هێنراوە بۆ دابینکردنی لە دروستکردنی کەشتی گەلی گەورە(محمد كرد علي، ، ١٥٣/٤)، کارگەکانی دروستکردنی کەشتی لە چەند ناوچەیەك هەبووە وەك لاذقیة و عكا و أيلة و زغر(المقريزي، ١٩٨٨، ٣٣٠/٢؛ غوانمة، ١٩٧٩، ص٨٩) و کرك و عەسقەلان و داری چیاکانالشراة ومؤاب بەکاردەهێنرا (الحريري، ١٩٨١، ص٦٦ ؛غوانمة، ١٩٧٩، ص٥٦)، شاری حیفا بە داری بەهێز و پتەو ناسرابوو کە بۆ دروستکردنی کەشتی لەبار بوو لەوانە جۆرە کەشتییەك بە ناوی کەشتی جوودی(، ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٦٤) دارە کانی سنۆبەروئە سپێندارو بەڕوو عرعر لە دارە پتەوبە هێزەکانی ولاتی شام بوو کە کە شتی لی دروست دە کرا(ابو الشعر، ١٩٩٠، ص٣٤٠) هەروەها دار بەکار دەهات بۆ دروستکردنی زۆربەی ئامێر و کەل و پەلانەی کە لە بەرهەمێنانی کشتوکاڵی بەکاردەهات، کە زۆربەیان بەشێکی لە دار و بەشەکەی تری لە کانزا دروستدەکرا، وەك جەنجەڕ کە بۆ وردکرنی گەنم وجۆ و جیاکردنەوەی گوڵەکانیان بەکاردەهات، لە تابلویەکی دار پێکهاتبوو لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی شام دروستدەکرا(ابو الشعر، ١٩٩٠، ص٧٣)، سەرەڕای تەور و پێمەڕە و خاکەناز(الحجاج، ٢٠٠٩، ص١٥٩) و گاسن کە هەوجاڕ سەرەرەوەی لە دار دروستدەکرا (الحجاج، ٢٠٠٩، ص١٥٦) و شەنە بۆ جیاکردنەوەی دانەوێڵە و پووش و کار و بێژینگ؛ کە لێوارەکەی لە درا دروستدەکرا، سەرەڕای ئەمانە دار لە دروستکردنی زۆربەی چەك و کەلوپەلە جەنگییەکان بەکار دەهات وە مەنجەنیق (النويري :٢٠٠٧، ٨٢/٣٠) و تیر و کەوان کە دێی عمتا لە ناوەڕاستی نزمایی ئوردەن بە دروستکردنی بەناوبانگ بوو (ياقوت الحموي، د.ت، ٣٥١/٧/٣). جگە لە ڕم (النبراوي:، ص٢٤٨)، ئامێرەکانی گەمارۆدان وەك زرێپۆش (دهمان، ١٩٩٠، ص٧٣)، و پەیژەیان پێپلیکانە(النويري، ٢٠٠٧، ٨٢/٣٠) هەروەها لە دروستکردنی پردەکانیش دار بەکار دەهات، بۆ نموونە زۆر جار قەڵا و سەنگەرەکان خەندەقی بە چوار دەورێدا لێدەدرا بۆ پاراستنی لە دوژمن و قایمی ولەسەر ئەم خەندەقانە و بۆ گەیشتن بە قەڵا کە پردی لە دار دروستدەکرا وەك پردی عجلون و الكرك کە لە بەردەم قەڵاکان دروستکرابوو(أبو الفداء: ١٨٤٠، ٥٤/٤)، ئەمە سەرەڕای بەرکارهێنانی لە دروستکردنی دەرگا و پەنجەرە بە تایبەتی لەو دارانەی کە بتەو و بەهێزبوون وەك داری بەڕوو، قەزوان، مازوو، چنار و خەروب (إبن بطوطة، ١٩٨٧، ٥٧/١) و ردوستکردنی مینەری مزگەوتەکان لە دار وەك مزگەوتی قبة الصخرة و مزگەوتی خليل (العليمي، د.ت، ١/ ٦٠) و کەلوپەلی ناوماڵ وەك کورسی و سندوقی تایبەت و بەرگی قورئانی پیرۆز(حران: ٢٠٠٤، ص٢١٢)، سەرەڕای هەموو ئەمانە دار لە دروستکردنی زۆربەی ئامێرە موسیقییەکان بەکاردەهات وەك شمشاڵ کە لە قە میش دروستدەکرا هەروەها عود و ڕەبابە (ابن فضل الله العمري: ١٩٨٨، ص٢٨٥-٢٨٦)، سەرەڕای دروستکردنی جۆرە نەعلێك لە دار کە پێدەوترا (القباقيب) قاپقاپە و کە ژاوە و شوێنی دانیشتنی سەرپشتی حوشتر و ئەسپەکان کە لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی شام دروستدەکرا(إبن خلدون، ٢٠٠٧، ٣٣٠/١-

٣٣١) لەگـەڵ دروسـتکردنی چەنـد یارییـەك وەك شـەترەنج و دامە(ابـن فضـل اللـه لعمـري، ١٩٨٨، ٢٨٦-٢٨٧؛ القلقشـندي، ١٩٦٤، ١٣٩/٢) و بەکارهێنـانی لـە ڕازاندنـەوەی کۆشـك و تـەلار و بـازاڕ و بنمیچـی خانـوو و گەرمـا و شـوێنی تر(أبـو سـديرة، ١٩٩١، ص٢٤٩)

**٩-پیشەسازییە کانزاییەکان**

بـوونی چەنـد جـۆرە کانزایـەك لـە وڵاتی شـام ببـووە هـۆی دامەزرانـدنی چەنـد پیشەسـازییەك وەك پیشەسـازی پـۆڵا، کـە هـەر لـە کۆنـەوە شـاری دیمەشـق بـە بەرهەمهێنـان و دروسـتکردنی پـۆڵا بەناوبانـگ بووە(أحمـد غسـان سـبانو، د.ت، ص٦١)، هەروەهـا ئاسـن؛ یەکێکـە لـە کانـزا بنچینەییـەکان کـە مـرۆڤ هـەر لـە کۆنـەوە هەوڵیـداوە بـۆ خزمـەتی خـۆی بەکاریبهێنێـت، هەوەهـا لـە قورئـانی پـیرۆزدا هاتـووە "وأنزلنـا الحديـد فيـه بـأس شـديد ومنافـع للناس"(سـورة الحديـد، الآيـة ٢٥). کـە لـە چیـاکانی لوبنـان و حەلـەب بـە ڕێژەیـەکی زۆر هەبـووە، سـەرەڕای ناوچـەی (البلقـاء)ی عەمان(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٦) و چیـای (الـشراة)ی نزیـك (البتراء)(غوانمـة، ١٩٧٩، ص٢٢) و چیـای (البـشر) لەنێـوان بادیـەی شـام و ڕووبـاری فورات(یاقـوت الحمـوي، د.ت، ٣٣٧/٢/١) و لـە عجلـون و دەورووبـەری ئاسـن هەبـوو، ئـەوەی لـە پێویسـتی ناوچەکـە زیادبـوو دەنێـردرا بـۆ دیمەشـق(غوانمة، ١٩٧٩، ص٩٦)

مـس یەکێـکی تـرە لـەو کانزایانـەی کـە لـە خـاکی وڵاتی شـامدا هەبـووە، هـەر لـە زوورەوە دانیشـتوانی شـام پێـی ئاشـنابوون و بەکاریانهێنـاوە، لـە دۆڵـی (عربـة)ی باشـووری دەریـای مـردوو دەرهێنراوە(محمـد کـرد عـلي، ١٩٢٦، ١٦٢/٤؛ غوانمـة، ١٩٧٩، ص٩٦) لـە دروسـتکردنی چەندیـن کەلوپـەلی پێویسـتی بیناسـازی و چـەك و ڕازاندنـەوەی ناوماڵـەکان بەکارهێـنراوە و بـازاڕی تایبـەت بـە خـۆی هەبـووە بەنـاوی بـازاڕی مسـگرەکان و جیـا بـوو لـە پیشـەکانی تـر وەك بـازاڕی ئاسـنگەران و بـازاڕی چەك(إبـن جبـير، ١٩٥٩، ص٢٣٨، ٢٤٢)

گۆگـرد کانزایـەکی تـرە کـە لـە خـاکی وڵاتی شـامدا هەبـوو بـە تایبـەتی لـە ناوچـە نزمایـی ئـۆردەن بـە درێژایـی کەنـارەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای دەریـای مـردوو کـە بـە گۆگـردی سـپی ناسرابوو(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٦)،

سـەرچاوەکان ئاماژەیـان بـە بـوونی کانزایـی زێـر و زیـو نەکـردووە لـە وڵاتی شـام، بـەڵام وادیـارە ئـەم کانزایانـە لـە ڕێـگای بـازرگانی هاوردەکـراوە، کـە داخـوازی لەسـەر ئـەم جـۆرە کانزایانـە خۆشـگوزەرانی بەشـێك لـە دانیشـتوانی وڵاتی شـام بۆمـان ڕووندەکاتـەوە لـە ڕووی ئابووریـەوە.

شـەب کانزایـەکی تـری وڵاتی شـامە، کـە بریتییـە لـە مادەیـەکی بلـوری و لـە جـۆرە بەردێـك دادەردەهێنرێـت و دوو جـۆری هەیـە؛ شـەبی بەردیـن و شـەبی دەنکۆڵـە ورد بەردینەکـە باشـترین جۆریەتی(إبـن مـماتي: ١٩٩١، ص ٣٢٨-٣٢٩). هەنـدێ جـار دوو جـۆرە کانـزا بەکاردەهێـنرا بـۆ دروسـتکردنی هەنـدێ کەلوپـەلی پێویسـت بـە مەبەسـتی بەهێـزی و پتـەوی زیاتـر وەك ئاسـن و مـس بەیەکـەوە وەك دەرگای جیرون کـە یەکێـك بـوو لـە دەرگاکانی شـاری دیمەشـق لەبـەر ڕۆژهەڵاتی(إبـن جبـير، ١٩٥٩، ص٢٤٢) هەروەهـا پەنجـەرە و چـرا و ئاگـردان و مۆمـدان و کاسـە و مەنجـەڵ و قـاپ و سـینی و گاسـن و گوڵـدان و دەرزی و ئاوێنە(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٣).

**١٠- پیشەسازی صابوون**

پیشەسـازی صابوون؛ یەکێکـە لـە پیشەسـازییە کۆنـەکانی وڵاتی شـام و پاشـکۆی پیشەسـازی دەرهێنـانی ڕۆنـە، چونکـە زەیتـوون کەرەسـتەیەکی خـاوی بنچینەییـە لـە پیشەسـازی صابـوون و یەکێکـە لـە کەرەسـتەکان کـە بەشداربووە لـە بـازرگانی دەرەکی و نێردراوەتـە دەرەوە(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٤) سـەرەڕای ڕۆنی زەیتـوون بـوونی جـۆرە گیایـەك بەنـاوی (الاشـنان) کـە جـۆرە ماددەیـەکی لێدەردەهێنرێـت بەنـاوی (البلـس) یـان (القـلي) کـە دەسـوتێنرێت و خۆڵەمێشـەکەی لـە دروسـتکردنی صابوونـدا بەکاردەهێنرێـت، هـەر بەنـاوی گیـای صابوونیـش ناسراوە(راولـف: ١٩٧٨، ص٣٤-٣٥؛ الشهابي، ١٩٢٤، ص١٩٢-١٩٣)، هەروەهـا ئـەو ماددەیـە لـە دار بنار و (الشمان) کـە ناوچـەی البلقـاء و الـشراة دەڕوێـت و بـڵاوە و خۆڵەمێـشی درەختـی (الشـمان) لـە باشـترین خۆڵەمێشـەکان بـووە بـۆ دروسـتکردنی صابـوون و بـۆ زۆربـەی شـارەکانی شـام نێـردراوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە(غوانمة، ١٩٧٩، ص٨٥) هەروەهـا سـوود لـە جەفـت وەرگـیراوە بـە وردکـرد و دەرهێنـانی ڕۆنەکەی(محمد کـرد عـلي، ١٩٢٦، ١٩١/٤) لـە مەڵبەنـدە گرنگـەکانی پیشەسـازی صابـوون فەڵەسـتین بـە گشـتی(المقدسي، ٢٠٠٣، ١٥٣) و شـاری (ڕەقـە) کـە هـەر بـە نـاوی شـارەکە بـە صابـوونی ڕەقـی نـاسراوە کـە

ڕەواجـی زۆری هەبووە(المقـدسي٢٠٠٣، ص١٣١) وە هەروەهـا شـاری (حەلەب)(إبـن حوقـل:، ص١٦٣) و هەنـدێ ناوچـەی چیـاكانی لوبنان(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص١٥٩) شـاری (سرمین) چەنـد جـۆرە صابوونێـكی لـێ دروسـتدەكرا، لەوانـە صابوونێـكی تایبـەتی بۆنخـۆش كـە بـە هـەردوو ڕەنگـی سـوور و زەرد هەبووە(إبـن بطوطـة، ١٩٨٧، ص٨٣). ڕێژەیـەكی زۆری صابـوون لـە شـاری (بالـس) كـە كەوتۆتـە سـەر ڕووبـاری فـوڕات ڕێژەیـەكی زۆری صابـوونی لـێ دروسـتدەكرا بـۆ بەشـەكانی تـری وڵاتی شـام و دەورووبـەری دەنێردرا(إبـن حوقـل، ١٩٧٧، ص١٦٥). هـەر یـەك لـە شـارەكانی (ئەنتاكیـە)، (طرابلـس)، (دیمەشـق)، (لاذقیـە)، (حەیفـا)، (ڕام اللـە) و (ئەدلـب) بـە پیشەسـازی دروسـتكردنی صابـــوون ناسرابوون(محمـــد كـــرد عـــلي، ١٩٢٦، ٤/١٥٧-١٥٩). هەروەهـــا گلەســـەر بـــۆ شـــۆرین بەكاردەهێـــنرا لـــە شـــاری (الرحبة)(إبـن سـعيد، ١٩٧٠، ص٥٢، ٥٥)

وادیـارە كار، گـەی دروسـتكردنی صابـوون لـە زۆربـەی ئـەو شـار و دێ و ناوچانـەدا هەبووەكـە داری زەیتـوونی هەبـووە، بـۆ دابینكـردن و پڕكردنـەوەی پێویسـتییەكانیان و زۆری ژمـارەی گەرماوەكانیـش لـە وڵاتی شـام ئەوەمـان بـۆ ڕوونەكاتـەوە كـە بڕێـكی زۆری صابـوون بەرهەمهێـنراوە، كـە دەبوایـە سـاڵانە پێویسـتییەكانیان لـە صابـوون و خزمەتگوزارییـەكانی تـردا دابینبكرێـت هـەروەك (إبـن جبـیر) (م ٦١٤ك/١٢١٧ز) كـە لـەدوا چـارەكی سـەدەی (٦ك/١٢ز) لـە گەشـتەكەیدا بـۆ شـام ئاماژەی بـەوە كـردووە كـە تەنیـا لـە شـاری دیمەشـق نزیكـەی سـەد گەرمـاو هەبـووە.(١٩٥٩، ص٢٦١)

**١١- پیشەسازی دروستكردنی مەی**

لەبـەر زۆری داری تـرێ كـە ڕووبەرێـكی بەرفـراوانی وڵاتی شـامی گرتبـۆوە، ئـەوەش یارمـەتی دەربـوو بـۆ سـوود وەرگرتـن لـەو بەرووبوومـە لـە چەنـد پیشەسـازییەك، لەوانـەش پیشەسـازی دروسـتكردنی مـەی، كـە بـۆ سـەردەمێكی زۆر زوو دەگەڕێتـەوە، بەرهەمـی تـرێ بەڕادەیـەك زۆر بـووە كـە هیـچ ماڵێـك نەبـووە بەلایـەنی كەمـەوە دارێـكی ترێـی لـە ماڵەكەیـدا نەبووبێت(الاصطخـري، ١٩٦١، ص٤٤) و لـە پـاڵ زەیتـوون و هەنجـیردا سـیكوچكەی وڵاتی شـام پێكدێنـێ لـە بەرووبوومـە كوشـتوكاڵییەكان و ناسراوترینیانە(فیلیـب حتـی، ١٩٥٨، ص٩٣). دانیشـتوانی وڵاتی شـام ناسراوبـوون بـە دروسـتكردنی مـەی كاتێكیـش ئاینـی ئیسـلام هـات، خواردنـەوەی مـەی حـەرام و قەدەغەیكـرد ئـەوەش نەبـووە هـۆی وازهێنـان لـە دروسـتكردنی، بەڵكـوو ئـەو پیشـەیە لـە چوارچێـوەی مەسـیحییەكاندا مایـەوە لـە دروسـتكردن و فرۆشـتنی، ئـەو پیشـەیە ڕەواجـی هەبـوو بەتایبـەتی لـە دێـرەكانی ئاینـی مەسـیحی(العمري، ١٩٧١، ٣٢٨/١، ٣٣٠، ٢٥٤/٣؛ الشابشـتي، ١٩٦٦، ص٨٤، ١٠٧، ١٠٩، ١٤٩، ١٦١، ٢٠٧) هـەروەك گەڕیـدە ی ئەڵـمانی (بورشـاد) ئامـاژەی پێكـردووە لـە دێـری (جبـل صهيـون) مەیـی خـاكی پیرۆزكـە لـە جـۆرە نایـاب و بەناوبانگـەكان بـووە و بـاسی ئـەوەی كـردووە كـە مەسـیحییەكانی ڕۆژهـەڵات كـە نیشـتەجێی دەورووبـەری شـاری (قـودس) و ناوچـە جیاجیـاكان بـوون ئەمانـە هەڵسـاون بـە دروسـتكردنی جـۆرەكانی مـەی، چونكـە موسـوڵمانەكان نەیاندەخـواردەوە، بـەڵام ئـەو موسـڵمانانەی لـە نزیـك مەسـیحییەكان نیشـتەجێبوون گرنگیـان دەدا بـە چانـدن و چاودێـری كـردن و ئامادەكـردنی تـرێ بـۆ مەبەسـتی فرۆشـتنی بـە مەسـیحییەكان بـۆ دەسـكەوت و قازانـج (Bur Chard of Mountstion: A Description of the Holy land, transby Aubrey stewart, in p.p.t.s. vol. XII, London: 18996, vol. 12.p.10). مـەی لـە زۆربـەی ناوچـەكانی وڵاتی شامدا دروسـتكراوە كـە داری ترێـی زۆر بـووە، چیاكانی شـاری (قـودس) ڕێژەیـەكی زۆری داری ترێـی هەبـووە كـەوا دیـارە بڕێـكی زۆری مـەی لـێ دروسـتكراوە، بەڕادەیـەك یەكـێ لـە چیـاكان بـە چیـای مـەی (جبـل الخمـر) نـاوی هاتووە(یاقـوت الحمـوي، د.ت، ٢٩/٣/٢) وە دێیـەكی نزیـك شـاری الرملـة بـە نـاوی (العنـب) ناسراوە(نـاصر خـسرو، ١٩٩٣، ص٦٦) لـە دێـرەكانی مەسـیحی مـەی لـە ڕێوڕەسـمە ئاینییـەكان بەكاریـان دەهێنـا، هەروەهـا دەیانفرۆشـتەوە كـە شـوێنێكی فرۆشـتنی مـەی بـووە، واتـا خـاوە نی زۆربـەی فرۆشـگەكانی مـەی لـە مەسـیحییەكان بـوون، تەنانـەت مـەی هەنـدێ جـار لـە هەندێـك چایخانـەی وڵاتی شـام دا هەبـووە (القاسـمي وآخـرون: ١٩٨٨، ص١٢٧).

لـە ناوچـەكانی بەرهەمهێنـانی مـەی شـاروچكەی صرخـد بـوو (یاقـوت الحمـوي، د.ت، ١٨٤/٥/٣) و شـاروچكەی صیـدا كـە سـەر بـە شـاری دیمەشـقە بـەزۆری داری تـرێ و ڕێـژەی مـەی نـاسراوە (یاقـوت الحمـوي، د.ت، ١١٠/١/١، ١٨٤/٥/٣، ٣١٣)،

هەروەهـا أذرعـات کـە کەوتۆتـە لێـواری شـام لـە پـاڵ خـاکی البقـاء و عەمـمان نـاسراو بـوون بـە پیشەسـازی مـەی و دوو دێـی هەبـووە کـە هەمـان نازناویـان هەبـووە بەنـاوی بیـت رأس یەکێکیـان لـە قـودس و ئەویتریـان لـە ئـوردەن کـە هـەردوو دێهـات بـە زۆری و نایـابی جـۆری مـەی ناسراوبوون(یاقـوت الحمـوي، د.ت، ١١٠/١/١، ٤٠٨/٢/١-٤٠٩)، هەروەهـا شـاری مـآب و چیـاکانی لوبنـان گرنگییـەکی تایبـەتی هەبـووە لـە بەرهەمهێنـان و دروستکردنی مەی(فیلیب حتی، ١٩٥٨، ١٠٠/٢)، (ابـن فضـل اللـه العمـري) ئاماژەی بـە چـوار ناوچـە کـردووە کـە بەناوبانـگ و تایبـەت بـوون بـە دروسـتکردنی مـەی وەك الشـوف و هەروەهـا دیـر الطـور لـە نێوان(طبریـة)و اللجـون و صیـدا کـە مەڵبەنـدی دروسـتکردنی باشـترین جـۆرەکانی مـەی بـووە، لەبـەر نایـابی جۆرەکـەی بەزێـر نـاوی بـردووە و وتویـەتی: "وصیدانـا یـا معـدن ذهبهـا"(١٩٨٨، ، ٣٥٥/٣) لێـرەدا شـاری صیـدا بـە مەڵبەنـدی زێـر ناوبـردووە، لەبـەر بـە هاکـە ی، چونکـە تـرێ سـەرەڕای خـواردنی وەك میـوە، کراوەتـە مێـوژ وشـککراوەتەوە، سـەرەڕای دروسـتکردنی دۆشـاوی تـرێ وەك ئاماژەمـان پێکـرد، ئەمـە جگـە لـە بەکارهێنـانی لـە دروسـتکردنی شـیرینییەکان و هەروەهـا دروسـت کـردنی مـەی، بۆیـە پاڵپشـتێکی ئابـووری گرینـگ بـووە بـۆ وڵاتی شـام. مەیـی شـاری دمشـق لـە جـۆرە نایابـەکانی مـەی بـووە و ناسراوبـووە لـە هەمـوو لایـەکی جیهـان و چەنـد جـۆر و چەنـد ڕەنگێگـی هەبـووە، وەك سـوور، زەرد، سـپی و پەمەیی(ابـن فضـل اللـه العمـري، ١٩٧١، ٣٥٤/٣-٣٥٥) شوێنەوارناسـان بـەم دواییانـە چەنـد شـوێنێکی گوشـینی تـرێ و دروسـتکردنی مەییـان دۆزیـوە لـە شـارەکانی (تەبەریـە)، (صفوریـة) و (بیسـان)(نقولا: ١٩٩٠، ١٦٤/٢، ١٨٨) و (عەسـقەلان) و (اللـد) و دێـی (أرمنـاز) لـە دەوروبـەری حەلـەب، بـەو جـۆرە شـەڕابێکی نایـابی ڕەنـگ سـپی ناسراوبوو(الحمـوي، د.ت، ١٣١/١/١١)

پیشەسازییە پزیشکییەکان

پیشەسازی دەرمـان؛ کـە پیشەسـازییەکی پزیشـکییە، پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ بـە ڕووەکـەوە هەیـە، زۆربـەی هـەرە زۆری دەرمـان و چارەسـەرە پزیشـکییەکان لـە ڕووەك وەردەگیرێـت و پشـت دەبەسـتێ بـە گـژ و گیـا و ڕەگ و قـەد و گـەڵا و بـەری درەختـەکان بەگشـتی.

ئاینـی ئیسـلام بایەخێـکی زۆری بـە تەندروسـتی و چارەسـەری مـرۆڤ داوە و ئامـاژەی بـە هەنـدێ چارەسـەری کـردووە وەك لـە قورئـانی پـیرۆزدا هاتـووە (وأوحـی ربـك إلی النحـل أن اتخـذي مـن الجبـال بیوتـا ومـن الشـجر ومـما یعرشـون* ثـم کلي مـن کل الثمـرات فاسـلکي سـبل ربـك ذلـك یخـرج مـن بطونهـا شراب مختلـف ألوانـە فیـە شـفاء للنـاس إن في ذلـك لآیـة لقـوم یتفکرون)(القـرآن الکریـم، سـورة النحـل، الآیـة ٦٨، ٦٩). هەروەهـا پێغەمبـەر (د.خ.) هـانی مرۆڤـی داوە بـۆ توێژینـەوە و گـەڕان بـە دوای چارەسـەریی، هـەر وەك دەفەرموویێـت (تـداووا ، فـإن اللـە لم یضـع داء إلا وضـع لـە دواء غـیر داء واحـد الهرم)(الترمـذي، ١٩٩٨)، رقـم (٢٠٣٨)". واتـا چارەسـەری وەرگـرن، چونکـە خـوا هیـچ دەردێـکی نـەداوە بـێ دانـانی دەرمـان، تەنیـا پـیری نەبێـت. موسـڵمانانەکان لـەم بـوارەدا سـوودیان لـە چەنـدان ڕووەك و گـژ و گیـا و دار و درەخـت وەرگرتـووە. کـە هەندێکیـان خۆڕسـك و هێندێکیـان چانـدووە یەکـێ لـە داهێنانـەکانی موسـڵمانان لـە زانسـتی پزیشـکی دەرمانسـازی ئـەوە بـوو کـە ڕووەك و گـژ و گیایانەیـان لەگـەڵ هێنـدێ خـۆراك و تامـی شـیرین و خـۆش تێکـەڵ کـردووە وەك هەنگویـن و شـەکر، هێندێکیشـیان لـە بـەرگ گرتـووە و پێچاویانەتـەوە لـە شـێوەی حەب(الفنجـري: العلـوم عنـد المسـلیمن، ص ٧٦، الوبـط /https://www.istamset.com arabic/asc/index) ئەمـەش وا دیـارە بـۆ ئاسـان بەکارهێنـان و خـواردنی وەك چارەسـەری.

وڵاتی شـام کـە بـە گـژ و گیـای هەمەجـۆر نـاسراوە بـە تایبـەتی شـاری دیمەشـق (الثعالبـي، دت، ص٥٢٦) سـوودی زۆری لـێ وەرگـیراوە لـە پیشەسـازی دروسـتکردنی دەرمـان. سـەرچاوە مێژوویـەکان نـاوی زۆر لـە گـژ و گیـا و ڕووەك و دار و درەختانەیـان هێنـاوە کـە لـە وڵاتی شـامدا هەبـوون و سـوودیان لـێ وەرگـیراوە لـە پیشەسـازی دەرمانسـازی وەك چیـاکانی قـودس و ناوچـەکانی فەڵەسـتین و ئـوردەن بەگشـتی "ئـەوەی لـە چیـاکانی قـودس و فەڵەسـتین و ئـوردەن ڕوواوە لـە گـژ و گیـا کـە لـە دەقـی پەرتووکـە پزیشـکییەکاندا هاتـووە زۆر زۆرن"(ابـن فضـل اللـه العمـري، ١٩٧١، ٤٦٦/٣) وەك الآس، نیلوفـر، سوسـن، لسـان الثـور، زعفـران، ڕێـواس، صنـدل، ڕۆنی گوڵـە وەنەوشـە، هەنـار، سـێو، تریاق(تریـاق: دەرمانێـکی

کاریگـەری دژە ژەهرە)(إبـن سـینا، ١٩٨٤، ص ٢٦٣-٢٨٠)، حلفـا، الهلیـون و حماما(إبـن بیطـار، د.ت، ١٨/٢، ٢٦، ٣٠) القیصـوم کـە بـە زۆری لـە دیمەشـق و دێهاتـەکانی دەورووبـەری هەبـووە، هەروەهـا الآثـل، الآراك و العـشر (ابـن فضـل اللـە العمـري، ١٩٧١، ٥٠٧/٣، ٤١٣/١٥)، کـەوەر، تۆلکـە، کەلـەرم، مێخەك(جـبر، ودیـع، ١٩٨٧، ص٣٣٥، ٣٤١-٣٤٢، ٣٥٠، ٣٩٦، ٣٩٩)، ڕێحـان، عەنـاب، کەنگـر، گوێـز، بـاوی، ترمـس، قلقلـس، سـماق، جمیـز، خڕنووك(المقـدسي، ٢٠٠٣، ص ١٥٠، ١٥٤؛ إبـن البیطـار، د.ت، ٨٥/١)، بخـور الاکـراد، و بخـور مریم(إبـن فضـل اللـە العمـري، ٥٦٦/٩، ٥٦٨)، قـەزوان، بـەڕوو، تـوی کەتـان، هەرمـێ و هەڵوژە(إبـن بیطـار، د.ت، ٨٩/١-٩٠، ٩٨، ١١٠-١١٢). هەروەهـا ڕووەکی آکثـار لـە کۆشـکی عفـراء کـە سـەر بـە دێـی نوێیـە لـە حوران(إبـن فضـل اللـە العمـري، ١٩٧١، ٨٥/٢٢) و ڕووەکی(ألسـن) کـە بـە گـژ و گیای(السـلحفاة) نـاسراوە لـە وڵاتی شـام کـە سـەرەڕای بەکارهێنـانی لـە دروسـتکردنی دەرمانـدا وەکـو خەڵـووز بـۆ سـووتەمەنی بەکاردهێنرا(إبـن فضـل اللـە العمـري، ١٩٧١، ٨٣/٢٢) ڕووەکی (الحمامـا) لـە چیـاکانی لوبنـان هەبـووە، ڕووەکی ڕێـواس و (القبـس) و گوڵـی وەنەوشـە کـە ڕۆنی لـێ دەردەهێـنرا وەك چارەسـەری پزیشـکی بەکارهێـنراوە بـۆ سەرئێشە(شـیخ الربـوة: نخبـة الدهـر، ص١٩٩-٢٠٠). ڕووەکی (رجـل الغـراب) و (السرخـس) لـە چیـاکانی لوبنـان و (الجعـدة) و زەعتـە و گوڵاڵەسـوورە لـە قودرس(ابـن فضـل اللـە العمـري، ١٩٧١، ١٦/١) و أمیرباریـس کـە باشـترین جـۆری بەیـروتی و بەعلەبەکیـە (ابـن فضـل اللـە العمـري، ١٩٧١، ١٣٣/٢٢)

**لیستی سەرچاوەکان**


القران الکریم

١. ابراهیـم مصطفـى و اخـرون: المعجـم الوسـطى، دار الدعـوة، (القاهـرة:د.ت)

٢. إبـن الاثـیر: الکامـل في التاریـخ، دار الکتـب العلمیـة، (بـیروت: ٢٠٠٦).

٣. إبـن الاخوة: معـالم القـربى في أحکام الحسبة، دار الکتـب العلمیـة، (بیروت:٢٠٠٧)

٤. إبـن البیطـار: الجامـع لمفـردات ادویـة والاغذیـة، مکتبـة المثنـى، (بغـداد د.ت).

٥. إبـن الحجـاج الاشـبیلي: المقنـع في الفلاحـة، دار الأفـاق، (بـیروت: ١٩٧٩).

٦. إبن الفقه: البلدان، مطبعة ابریل، (لندن: ١٣٠٢).

٧. إبـن بطوطـة: رحلـة إبـن بطوطـة، دار احیـاء العلـوم، (بـیروت: ١٩٨٧).

٨. إبن جبیر: رحلة إبن جبیر، دار صادر، (بیروت: ١٩٥٩).

٩. إبـن حجـي الحسـباني: الذیـل عـلى تاریـخ إبـن کثـیر (تاریـخ إبـن حجـي)، جامعـة الیرمـوك، (اربـد:١٩٩٩).

١٠. إبن حوقل: صورة الارض، صدار المکتبة الحیاة، (بیروت:١٩٧٧).

١١. إبن خلدون: المقدمة، دار الفداء، (القاهرة:٢٠٠٧).

١٢. إبن سعید: الجغرافیا، المکتب التجاري، (بیروت: ١٩٧٠).

١٣. إبن سیدة: المخصص، دار احیاء التراث العربي، (بیروت: ١٩٩٦).

١٤. إبـن سـینا: دفـع المضـار الکلیـة عـن الابـدان الانسـانیة، معهـد المخطوطـات العربیـة، (حلـب:١٩٨٤).

١٥. إبـن عبدالظاهـر: تشریـف الایام و العصـور في سیرة الملـك المنصور، (القاهرة: ١٩٦١).

١٦. إبن عساکر: تاریخ مدینة دمشق، دار الفکر، (بیروت: ١٩٩٦).

١٧. إبـن فضـل اللـه العمـري: مسـالك الابصـار في ممالـك الامصـار، دار الکتـب العلمیـة، (بـیروت:١٩٧٧).

١٨. إبـن فضـل اللـه العمري:التعریـف بالمصطلـح الشریـف، (بـیروت:١٩٨٨)

١٩. إبن مماتي: قوانین الدواوین، مکتبة مدبولي، (القاهرة: ١٩٩١)

٢٠. إبن منظور: لسان العرب، دار المعارف، (القاهرة:د.ت).

٢١. ابو الفداء: تقویم البلدان، دار الطباعة السلطانیة، (باریس:١٨٤٠)

٢٢. ابـو سـیدره، السـید طـه السـید: الحـرف و الصناعـات في مـصر الإسـلامیة منـذ الفتـح العـربي حتـى نهایـة العـصر الفاطمـي، الهیئـة المصریـة العامـة، (القاهـرة: ١٩٩١)

٢٣. احمد المطلوب: معجم الملابس في لسان العرب، مكتبة لبنان، (بيروت: ١٩٩٥)
٢٤. احمد غسان سبانو: دمشق الشام، تاريخها و اثارها و احوالها الاجتماعية و الاقتصادية و العلمية، دار قتيبة، (دمشق:د.ت)
٢٥. الادريسي: نزهة المشتاق في افتراق الأفاق، مكتبة الثقافيه الدينية (القاهرة:١٩٦١)
٢٦. آشتور، أي: تاريخ الاقتصادي و الاجتماعي للشرق الاوسط في العصور الوسطى، دار قتيبة، (دمشق:١٩٨٥).
٢٧. الاصطخري: مسالك الممالك، دار العلم، (القاهرة:١٩٦١).
٢٨. الاصفهاني: الاغاني، مؤسسة جمال للطباعة، (بيروت: ١٩٨٠)
٢٩. الافغاني، محمد سعيد، قاموس الصناعات الشامية، معهد الدراسات العلمية، (باريس:د.ت).
٣٠. امينة بيطار: اهم المظاهر الحضاريه في بلاد الشام، وزارة الثقافة و الارشاد القومي (دمشق:١٩٨٠).
٣١. اندريوو اطرسون: الابداع الزراعي في بدايات العالم الاسلامي، جامعة حلب، (حلب:١٩٨٥).
٣٢. الباشا، حسين: دراسات في الحضارة الاسلامية، دار النهضة العربية، (القاهرة:١٩٨٨).
٣٣. البدري: نزهة الأنام في محاسن الشام، دار الرائد العربي، (بيروت:١٩٨٠).
٣٤. البدور، سلمان علي: فلسطين في عهد الأموي، الحياة الاقتصادية و المظاهر الاجتماعية، وزارة الثقافة، (عمان:٢٠٠٤).
٣٥. براور، يشع: الاستيطل الطيبي في فلسطين (مملكة بيت المقدس)، عين للدراسات، (القاهرة:٢٠٠١).
٣٦. البكري: معجم ما استعجم، عالم الكتب، (بيروت:١٩٨٢).
٣٧. البلخي: البدأ والتاريخ، مكتبة المثنى، (بغداد: ١٩١٦).
٣٨. بنيامين التطيلي: رحلة بنيامين، المطبعة الشرقية، (بغداد:١٩٤٥).
٣٩. البيروني: الصيدنة في الطب، مكتبة الملك فهد، (الرياض:١٩٧٣).
٤٠. البيشاوي :سعيدعبدالله جبريل، نابلس، الاوضاع السياسية و الاجتماعية و الثقافية و الاقتصادية خلال الحروب الصليبية(٤٩٢-٦٦٩هـ/١٠٩٩-١٢٢٢م)، (عمان:١٩٩٧).
٤١. بيطار، امينة: أهم المظاهر الحضارية في بلاد الشام، وزارة الثقافة و الارشاد القومي (دمشق:١٩٨٠)
٤٢. الترمذي: سنن الترمذي، دار الغرب الاسلامي، (بيروت:١٩٩٨).
٤٣. التليسي، بشير رمضانو جمال هاشم الذويب: تاريخ الحضارة العربية، دار المدار الاسلامي، (بيروت:٢٠٠٤)
٤٤. التنوخي: نشوار المحاضرة أخبار المذاكرة، دار صادر، (بيروت: ١٩٧١).
٤٥. الثعالبي: لطائف المعارف، دا احياء الكتب العربية، (القاهرة: ١٩٦٠)
٤٦. الجاحظ: الرسائل الكلامية، دار مكتبة اللهلال، (بيروت:١٩٨٧).
٤٧. جبر، وديع:معجم النباتات الطبيعية، دار الجيل، (بيروت:١٩٨٧)
٤٨. الجوبيري: المختار في كشف اسرار المحتالين، (د.م:١٢٠٢).
٤٩. الحجاج، عادل محمد الموسوعة الزراعية في التاريخ، دار الحموي، (عمان:٢٠٠٩).
٥٠. حران، تاج السر احمد: العلوم و الفنونفي الحضارة الاسلامية، مكتبة الرشيد، (الرياض:٢٠٠٤).
٥١. الحريري: الاعلام و التبين في خروج الملاعين على بلاد المسليمين، مكتبة دار الملاح، (دمشق:١٩٨١).
٥٢. الحسين، علي: تاريخ سوريا الاقتصادي، مطبعة بدائع الفنون، (دمشق:١٩٦٥).
٥٣. حسين، فالح: الحياة الزراعية في بلاد الشام، (عمان:١٩٧٦).
٥٤. حسين، محمد وهيب الحرف و الصناعات في كنعان، دار البيروتي، (عمان:٢٠١٤).
٥٥. حسين، محمود إبراهيم الخزف الاسلامي في الاردن، دار الثقافة العربية، (القاهرة:١٩٨٨).
٥٦. الحميداوي، صباح خابط: الاحوال الاجتماعية و الاقتصادية لاعوان الاندلس في عهد الامارة و الخلافة (١٣٨-٤٢٢ هـ)، (بغداد:٢٠٠٧).
٥٧. الخرابشة، سليمان و عبدالله: نيابة طرابلس في العصر المملوكي، (عمان:١٩٩٣).
٥٨. الخزاعي: تخريخ الدلالات السمعية، دار الغرب الاسلامي (بيروت:١٩٩٩).
٥٩. الخوارزمي: مفيد العلوم و مفيد الهموم، المكتبة السعيدية، (القاهرة: د.ت)
٦٠. الدباغ، مصطفى مراد: المتلكات النباتية و الحيوانية في بلاد فلسطين وأثارها في تسمية امكنتها، دار الطليعة، (بيروت:١٩٨٥).
٦١. الدباغ، مصطفى مراد: الموجز في تاريخ الدول العربية في بلاد الفلسطين، دار الطليعة، (بيروت:١٩٨٠).
٦٢. دهمان، محمد أحمد: معجم الالفاظ التاريخية في العصر المملوكي، دار الفكر، (دمشق:١٩٩٠)
٦٣. الدوري، عبدالعزيز: تاريخ العراق الاقتصادي في القرن الرابع الهجري، مركز دراسات الوحدة العربيه (بيروت، ١٩٩٥)
٦٤. ديماند، م.س. : الفنون الاسلامية، مكتبة المعارف، (بغداد:١٩٨٢).
٦٥. الذهبي: سير أعلام النبلاء، دار الكتاب العربي، (بيروت:١٩٩٣).
٦٦. را نسميان: تاريخ الحروب الصليبية، دار الثقافة، (بيروت:د.ت).

٦٧. الرازي: مختار الصحاح، المكتبة العصرية، (بيروت:١٩٩٩).
٦٨. روالف، ليونهارت: رحلة المشرق الى العراق و سوريا و لبنان، وزارة الثقافة و الفنون، (بغداد:١٩٧٨).
٦٩. زياد نقولا: فلسطين من الاسكندر الى فتح العربي الإسلامي، المؤسسة الفلسطنية، (بيروت:١٩٩٠).
٧٠. زيتون، عادل: العلاقات الاقتصادية بين الشرق و الغرب في العصور الوسطى، دار دمشق، (دمشق:١٩٨٠).
٧١. الزيود، محمد أحمد: حالة بلاد الشام الاقتصادية في العصر الطولوني و حتى نهاية العصر الفاطمي، دار الفكر، (دمشق:١٩٢٢).
٧٢. سالم، اسيد عبدالعزيز: تاريخ الدولة العربية (تاريخ العرب منذ ظهور الاسلام حتى سقوط الدولة الاموية)، مؤسسة الثقافة، جامعة الاسكندرية، (١٩٧٩).
٧٣. سالم، السيد عبدالعزيز: دراسة في تاريخ مدينة صيدا، مؤسستة شباب جامعة الاسكندرية، (الاسكندرية:١٩٨٦).
٧٤. السيوطي: الوسائيل الى معرفة الأوائل، دار مكتبه الحياة، (بيوت:١٩٩٦).
٧٥. الشابشتي، الديارات، دار المعارف، (بغداد:١٩٦٦).
٧٦. الشهابي، مصطفى الزراعة العلمية الحديثة، مطبعة الحكومي، (دمشق:١٩٢٢).
٧٧. الشهابي، مصطفى: الاشجار الانجم المثمره، د.ت، (دمشق:١٩٢٤).
٧٨. شيخ الربوة: نخبة الدهر في عجائب البر و البحر، مكتبة المثنى، (بغداد: ١٩٦٣).
٧٩. الشيرازي: جنة الورود (كلستان)، المركز العربن، (القاهرة:١٩٨٣).
٨٠. الشيزري: نهاية الرتبة في طلب الحسبة، لجنة التحقيق و الترجمة، (القاهرة: ١٩٤٦).
٨١. الصالح، صبعي: النظم الاسلامية، نشأتها و تطويرها، دار العلم للملاين، (بيروت:١٩٨٢).
٨٢. الطراونة، طه ثلجي: مملكة صفد في عهد المماليك، دار الآفاق الجديد، (بيروت:١٩٨٢).
٨٣. طه ثلجي الطراونة: مملكة صفد في عهد المماليك، دار الآفاق الجديدة، (بيروت:١٩٨٢).
٨٤. عاشور، سعيد عبدالفتاح: اضواء جديدة على إبن عساكر والمجتمع الدمشقي في عصره، مطبعة الانجلو، (القاهرة:١٩٠٧).
٨٥. علي، جواده: المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام، دار العلم للملايين (دمشق:١٩٧١).
٨٦. العليمي: الانس الجليل بتاريخ القدس و الخليل مكتبة دنديس، (عمان:دت).
٨٧. العويدات، محمد: نبات سورية، مجمع علوم سوريا (د.م٥٠).
٨٨. غوانمة، يوسف حسن دروش، تاريخ شرقي الاردن في عصر دولة المماليك الاولى (القسم الحضاري)، وزاره الثقافة و الشباب، (عمان:١٩٧٩).
٨٩. فالح حسين: الحياة الزراعيه في بلاد الشام، (عمان:١٩٧٦).
٩٠. فليب حتى: تاريخ سوريا و لبنان و فلسطين، دار الثقافة (بيروت:١٩٥٨).
٩١. الفنجري:العلوم عندالمسلمين، الرابط. https://www.istamset.com/arabic/asc/index.
٩٢. القاسمي، آخرون: قاموس الصناعات الشامية، (دمشق:١٩٨٨).
٩٣. القاياني: الشيخ محمد عبدالواحد الجواد: نفحة الشام في رحلة الشام، دار الرائد العربي، (بيروت:١٩٨١).
٩٤. القزويني: آثار البلاد و اخبار العباد، دار الصادر، (بيروت:١٩٦٠)
٩٥. القسطالى، نعمان: روضة الغناء في دمشق الفيحاء، (بيروت:١٩٨٩)
٩٦. قسطوس، إبن لوقا الرومي: الفلاحة اليونانية، (د.م:د.ت).
٩٧. القلقشندي: صبح الاعشى في صناعة الاعشى، شركة الامل، (القاهرة:١٩٦٤).
٩٨. الكعاك، عثمان: الحضارة العربية في حوض المتوسط، معهد الدراسات العربية العالمية، (د.م:١٩٦٥).
٩٩. الكيال، منير: مآثر شامية في الفنون و الصناعات الدمشقيه، وزارة الثقافة (بيروت:٢٠٠٧)
١٠٠. لامنس: تسريح الابصار فيما يحتوي لبنان من الآثار، دار الرائد العربي، (بيروت:١٩٨٢).
١٠١. لسترنج: فلسطين في عهد الاسلامي، المطابع التعاونية، (عمان: ١٩٧٠)
١٠٢. لوبون، غوستاف حضارة العرب، دار إحياء الكتب العربية، (حلب:١٩٤٥).
١٠٣. لومبار، موريس: الاسلام في مجدها الآول من القرن(٢-٥هـ/٨-١١م) دار الافاق الجديدة: المغرب:١٩٩٠).
١٠٤. ليفي بروفنسال: سلسة محاضرات عامة في أدب الآدنلس و تاريخها، المطبعة الاميرية، (القاهرة:١٩٥١).
١٠٥. ليونهات راولف: رحلة المشرق الى العراق و سوريا و لبنان، وزارة الثقافة و الفنون، (بغداد:١٩٧٨).
١٠٦. محمد سعيد قاسم آخرون: قاموس الصناعات الشامية، دار خلاس، (د.م:١٩٨٧).
١٠٧. محمد فؤاد عبدالباقي: المعجم المفهرس لألفاظ القران الكريم، دار الفكر (بيروت:١٩٨٧).
١٠٨. محمد كرد علي: خطط الشام، مطبعة الترقي، (دمشق:١٩٢٦).

١٠٩. محمـود محمـد سـالم، أدب الصنـاع و أربـاب الحـرف حتـى القـرن العـاشر الهجـري، دار الفكـر المعـاصر، (بـيروت:١٩٩٣).
١١٠. مـرزق، محمـد عبدالعزيـز: الفنـون الزخرفيـه الاسـلامية في العـصر العثـماني، الهيئـة المصريـة العامـة، للكتـاب، (القاهـرة:١٩٨٧).
١١١. مطلـوب، أحمـد: معجـم الملابـس في لسـان العـرب، مكتبـة لبنـان، (بـيروت:١٩٩٥).
١١٢. المقـدسي: أحسـن التقاسـيم في معرفـة الأقاليـم، دار الكتـب العلميـة، (بيروت:٢٠٠٣).
١١٣. المقريـزي :المواعـظ و الاعتبـار بذكـر الخطـط و الآثـار، مكتبـة مدبـولي، (القاهـرة:١٩٨٨)
١١٤. المهلبي: المسالك والممالك، جار التكوين، (بيروت:د.ت).
١١٥. النابلسي: علم الملاحة في علم الفلاحة، دار الآفاق، (بيروت:١٩٨١)
١١٦. ناصر خسرو: سفرنامه: الهيئة المصريه العامة، (القاهرة:١٩٩٣).
١١٧. النـبراوي، فتحيـة عبدالفتـاح: تاريـخ النظـم و الحضـارة الاسـلامية، دار الفكـر العـربي، (القاهـرة:١٩٩٩)
١١٨. النبراوي، فتحية عبدالقادر، تاريخ النظم و الحضاري الاسلامية.
١١٩. النويـري، نهايـة الآدب في الفنـون الادب، دار الكتـب المصريـة، (القاهـرة:١٩٣١).
١٢٠. هنـاء عبدالخالـق: الزجـاج الاسـلامي في متاحـف و مخـازن الآثـار في العـراق، دار الحريـة، (بغـداد:١٩٧٦).
١٢١. ياقـوت الحمـوي: معجـم البلـدان، دار إحيـاء الـتراث العربـيً، (بـيروت:د.ت).

**الملخص**

هـذا البحـث محاولـة لإلقـاء الضـوء عـلى الجانـب الاقتصـادي في بـلاد الشـام، وهـي الصناعـة في فـترة القـرون (٤-٦هـ/١٠-١٢م)، التـي كانـت احـدى المراكـز الصناعيـة المهمـة في المنطقـة وفي العـالم أنـذاك، ووصلـت منتوجاتهـا إلى اقـصى بقـاع العـالم شرقـاً وغربـاً. بالإضافـة إلى موقعهـا الاسـتراتيجي مـن الناحيـة الجغرافيـة، مـن حيـث أهميتهـا كمحطـة تجاريـة طـوال مراحـل العـصر الإسـلامي، وتجمـع البضائـع والسـلع المتنوعـة ومرورهـا بهـا، مـما شـجع سـكان بـلاد الشـام عـلى تطويـر صناعاتهـم، إلى جانـب وجـود مـواد أوليـة ل للصناعـة في البـلاد، مثـل المحاصيـل الزراعيـة التـي تسـتعمل كمـواد أوليـة في بعـض الصناعـات مثـل الزيتـون وقصـب السـكر والعنـب والحبـوب وتجفيـف الفواكـه وصناعـة الحصـير والحبـال والمطـارح مـن بعـض النباتـات وصناعـة العطـر ومـاء الـورد مـن أزهارهـا ورياحينهـا، والصابـون مـن عصرالزيتـون باسـتعمال بعـض البناتـات، بالإضافـة إلى الـثروة الحيوانيـة والاسـتفادة منهـا في صناعـة الغـزل والنسـيج وكذلـك القطـن والحريـر. وصناعـات أخـرى مثـل صناعـة الدباغـة.

وكانـت هنـاك صناعـة الزجـاج والخـزف، وذلـك لوجـود نـوع مـن الرمـل الـذي يسـتعمل في صناعـة الزجـاج والخـزف، ووجـود نسـبة كبـيرة مـن الأشـجار في بعـض مناطقهـا سـاعد عـلى تطويـر صناعـة الأخشـاب، ووجـود بعـض المعـادن التـي كانـت تسـتعمل كمـواد أوليـة في بعـض الصناعـات المعدنيـة.

في هـذا البحـث اسـتفدنا مـن كتـب الجغرافيـا والبلـدن والرحالـة بالإضافـة إلى المصـادر التاريخيـة الأصليـة مـع بعـض البحـوث المعـاصرة.

التنظيم المهني، الزراعة، الثروة الحيوانية، النشاط الصناعي، المعادن

## Abstract:

This research is an attempt to shed light on the industrial design in the Levant during (4-7 AH / 10-12 CE). The Levant was an important industrial base for the entire region and the world during the stated period. Industrial products of the Levant were traded both eastward and westward. Due to its geographical advantage and proximity to other markets, the Levant was a crucial place for commerce throughout the reign of the Islamic Empire. This led to a swift industrialization of the domestic markets. Furthermore, raw materials such as olives, sugar canes, grapes, graines, and dry fruits were available. These materials aided the manufacturing of carpets, rugs, perfumes, flower water, soaps from olive oil, cotton, and silk, in addition to fur farming and tanning. The Levant also had vast forests and minerals-rich soil that contributed to the industrial process. The literature underpinning this research is largely reflected in the ancient and contemporary works and studies conducted by geographists, historians, and anthropologists.

Professional Organization, Agricultural, Animal Resources, Industrial Activity, Metal.